

Munich Security Conference
msc
Münchner Sicherheitskonferenz
Agenda
Saturday, February 16
MSC 2019
55
years

## هەڵوەشانەوەی سیستمە جیهانییەکان و چانسی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان

# کاتێک لە کۆنفرانسی ئاسایشی میونشندا جاڕی کۆتاییهاتنی سیستمی لیبڕاڵیی نێودەوڵەتی دەدرێت

ئایا دوای مردنی سیستمە کۆنەکە
سیستمە تازەکە بە ئاسانی لەدایک دەبێت؟



لە رۆژی ١٥ی شوباتی ٢٠١٩ و لەگەڵ کردنەوەی (٥٥)ـەمین کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایش جاڕی کۆتاییهاتنی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی ئەوەی پێی دەگوترا: «سیستمی نوێی جیهان» درا، بەم راگەیاندنە مرۆڤایەتی لە ماوەی ١٠٠ ساڵی رابردوودا بووە شاهید بەسەر مردنی سێ سیستمی جیهانییەوە کە بریتین لە:

١. کۆتاییهاتنی سیستمی نێودەوڵەتی ڤێننا لە ١٩١٥ و دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان لە ساڵی ١٩١٩.

٢. کۆتاییهاتنی کۆمەڵەی گەلان لەگەڵ دەستپێکی شەڕی دووەمی جیهانی و دامەزراندنی رێکخراوی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٥ و راگەیاندنی سیستمی دووجەمسەریی شەڕی سارد.

٣. کۆتاییهاتنی سیستمی دووجەمسەریی شەڕی سارد لە ساڵی ١٩٩١ و گۆڕینی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی بۆ سیستمی نوێی جیهان.

دەرکەوتنی سەرەتاکانی کۆتاییهاتنی سیستمی نوێی جیهان لە ساڵی ٢٠١٧ و راگەیاندنی ئەم کۆتاییە لە ساڵی ٢٠١٩ و هەتا ئێستا نازانرێت چ سیستمێکی دیکەی جیهانی جێگەی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی (سیستمی نوێی جیهان) دەگرێتەوە.

لێرەوە ئەگەر چاوێکی خێرا بە مێژووی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایش بگێڕینەوە، ئەوا ئەو راستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە بایەخی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایش، تا چەند بۆ پارێزگاریکردن لە سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی هەتا ساڵی ١٩٩١ گرنگ بووە و، هەروەها تاچەند ئەم کۆنفرانسە بۆ پارێزگاریکردن لە (سیستمی نوێی جیهان) هەتا ئێستا گرنگ بووە، لەمەش زیاتر بیرۆکەی دامەزراندنی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایش لە ساڵی ١٩٦٣، دەگەڕێتەوە بۆ تەنگژەی کەنداوی بەرازان لە کوبا کە ئەو کات ئەم سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی کەوتە بەردەم مەترسییەکی ئەوتۆ کە ئەمریکا و رۆژئاوا ناچار بوون بۆ پاراستنی سیستمەکە هەڕەشەی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بکەن. هەر بۆیە کاتێك لە (٥٥)ـەمین کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایش جاڕی کۆتاییهاتنی ئەم سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتییە دەدرێت، دەبێتە جێگەی سەرسامییەکی گەورە بۆ هەموو مرۆڤایەتی لە سەرانسەری جیهاندا.

رێکخەرانی ئەم کۆنفرانسە گرنگە هەر لە کۆنفرانسی (٥١)ـەمەوە لە ساڵی ٢٠١٥ و بەتایبەتی دوای داگیرکردنی (کریما ) لەلایەن رووسیاوە و سەرهەڵدانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)، گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی (سیستمی نوێی جیهان) دووچاری تەنگژەیەکی هێندە گەورە بووە، کە بە ئاسانی لێی رزگار نابێت، هەر ئەمەش هانی رێکخەرانی کۆنفرانسی میوشنی دا، کە لە کۆنفرانسی (٥١) ـەمەوە ساڵانە لەگەڵ کردنەوەی کۆنفرانسەکە راپۆرتێکی تایبەتی بڵاو بکەنەوە و، زۆر بە وردی لەسەر ئاستەنگ و تەنگژەکانی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی هەڵوەستە بکەن، لەماوەی پێنج ساڵی رابردووشدا ئەم راپۆرتانەیان بەم ناونیشانانە بڵاوکردۆتەوە:

١. راپۆرتی کۆنفرانسی (٥١)ـەکەم لە ساڵی ٢٠١٥ بە ناونیشانی (لەبەریەك هەڵوەشانی سیستمی جیهانی: بێ توانایی پاسەوانەکانی - Collapsing Order، Reluctant Guardians)، ئەم راپۆتە یەکەمین زەنگی ئاگادارکردنەوەی کۆنفرانسی میونشن بوو بۆ ئاسایش سەبارەت بەو تەنگژە و ئاستەنگانەی رووبەڕووی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی ببوونەوە.

٢. راپۆرتی کۆنفرانسی (٥٢)ـەم لە ساڵی ٢٠١٦ بە ناونیشانی (تەنگژە بێ سنوورەکان، تێکدەرە هەڵەشەکان، بێدەسەڵاتیی پاسەوانەکانی سیستمەکە- Boundless Crises، Reckless Spoilers، Helpless Guardians)، ئەگەر سەرنج لە ناونیشانی ئەم راپۆرتە بدەین، بە راشکاوی کۆنفرانسی میوشن بە جیهان دەڵێت، ئەم سیستمە توانای بەڕێوەبردنی جیهان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نەماوە.

٣. راپۆتی کۆنفرانسی (٥٣)یەم لە ساڵی ٢٠١٧ بە ناونیشانی (پۆست راستی، پۆست رۆژئاوا، پۆست سیستمی جیهانی - -Post

■

ساڵی ٢٠١٥ لە میانەی سەرکردایەتیکردنی وەفدی کوردستان بۆ واشنتۆن، مسعود بارزانی راشکاوانە لەگەڵ سەرۆک ئۆباما لە کۆشکی سپی پرسی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی لەگەڵ باسکرد، بەڵام سەرۆک ئۆباما پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی بە کۆتاییهاتنی شەڕی داعشەوە گرێ دایەوە

■

مسعود بارزانی کۆتاییهاتنی شەڕی داعشی وەک ئەولەوییەتێکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەسەند کردو پرسی سەربەخۆیی و سەروەریی کوردستانی بۆ دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش دواخست

■

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٧ مسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆبووەوە و پێی راگەیاندن لە ناو ئەم گۆڕانکارییە گەورەیەدا کاتی ئەوە هاتووە هەموومان بە یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی بڕیارێک بۆ ئایندەی نەتەوەکەمان بدەین

(Truth، Post-West، Post-Order)، ئەم ناونیشانە کە تایبەتە بۆ ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی لیبراڵ دیموکراتی، بە ڕاشکاوانە کۆنفرانسی میونشن هەموو ئەو دەوڵەتانەی ڕۆژئاوا ئاگادار دەکاتەوە، بەوەی کە لەگەڵ بوونی دۆناڵد بە سەرۆکی ئەمریکا، ئەوا (سیستمی جیهانی و بەها باڵاکانی ڕۆژئاوا و دیموکراتی) کۆتاییان هات.

٤. ڕاپۆرتی کۆنفرانسی (٥٤)ەم لە ساڵی ٢٠١٨ بە ناونیشانی (گەیشتنە لێواری هەڵدێر. هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی - To the Brink – and Back) لەم ڕاپۆرتەشدا کۆنفرانسی میونشن دیسان ڕاشکاوانە جیهان لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە سیستمی جیهان گەیشتۆتە لێواری هەڵدێر و دەبێت هەوڵبدرێت لەسەر لێواری ئەم هەڵدێرە دوور بخرێتەوە، بەڵام پێدەچێت، نەتوانرابێت لە لێواری هەڵدێر دوور بخرێتەوە، بۆیە لە کۆنفرانسی (٥٥)ەمدا جاڕی کۆتاییهاتنی سیستمەکەیان دا.

٥. ڕاپۆرتی کۆنفرانسی (٥٥)ەم لە ساڵی ٢٠١٩ بە ناونیشانی (لوغزە گەورەکە ئەوەیە: کێ پارچەکانی سیستمی جیهانی کۆدەکاتەوە - The Great Puzzle: Who Will Pick Up the Pieces).

گرنگیی ڕاپۆرتی کۆنفرانسی میونشنی ئەمساڵ لەوەدایە کە زۆر ڕاشکاوانە کۆتایی بە سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی (سیستمی نوێی جیهان) هێناوە و زۆر ڕاشکاوانەش هەڵوەستە لەسەر چەند خاڵێکی گرنگ دەکاتەوە، وەك:

● ئایا جێگرەوەی سیستمی جیهانی، چ سیستمێکی دیکە دەبێت؟

● سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی وەك سیستمە کۆنەکە مردووە، ئایا سیستمە تازەکە لە دایك دەبێت؟ ئایا لەدایکبوونی ئەم سیستمە تازەیە بە شێوەیەکی ئاشتیانە دەبێت، یان دوای کارەسات و ئاشووبێکی گەورە دەبێت؟

● ئایا ئەو پارچانەی لە سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی ماونەتەوە، وەك: (هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی ناتۆ، یەکێتی ئەورووپا، هاوپەیمانیی ئەمبەر و ئەوبەری ئۆقیانووسی ئەتڵەسی و.. هتد)، ئەمانە چۆن سوودیان لێوەر دەگیرێت و دەبنە بەشێك لە سیستمە تازەکە، وەك ناسنامەیەك بۆ دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا.

● ئایا شێوازی کێبڕکێی نێوان (ڕووسیا و چین لەگەڵ ڕۆژئاوا) لە سیستمە تازەکەدا چۆن دەبێت؟ سەبارەت بەم حاڵەتە لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بە گوتەیەکی ئیگۆر ئیڤانۆف-ی وەزیری دەرەوەی پێشووی ڕووسیا کراوە کە گوتوویەتی: گێژەلووکەیەکی تەواو (Perfect Strom) بەڕێوەیە، مەبەستی ئیڤانۆف لەم گێژەلووکەیە ئەوەیە کە هێندە کێشە چارەسەرنەکراوەکانی جیهان بەسەر یەکدا کەڵەکە بوون، کە ئەمە دەبێتە ئەو گێژەلووکەیەی کۆتایی بە سیستمی جیهانی دەهێنێت، بەڵام ڕاپۆرتەکە ئەو پرسیارە دەکات، ئایا لە کاتیکدا ڕووسیا و چین ئامادەباشییان بۆ ئەمە هەبێت، ئایا ڕۆژئاوا ئەو ئامادەباشییەی کردووە؟

دیارە ئەم پرسیارانەی کە ڕاپۆرتی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایش وروژاندوونی و هەروەها ئەو پرسیارانەشی کە ئامادەبووانی کۆنفرانسەکە لە پەنێڵە جیاوازەکاندا دەیوروژێنن، ئەوەمان پێ دەڵێن، ئاڵۆزیی پرسی کۆتاییهاتنی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی هەر ئەوەندە نییە، سیستەمەیکی جیهانی دەمرێت و لە شوێنی ئەو سیستمە، سیستمێکی دیکەی جیهانی لەدایك دەبێت، بەڵکو پرسی سەرەکی و مەترسیی گەورە لەبەردەم ئەم کێشە ئاڵۆزەدا وەك بیرمەندی ئیتاڵی ئەنتۆنیۆ گرامشی لە پەراوەکانی بەندیخانە نووسیویەتی، ئەوەیە: (سیستمە کۆنەکە مردووە و سیستەمە تازەکەش لە دایك نابێت..)، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو قۆناخە ڕاگوزەرییە (Interregnum)ی نێوان مردنی سیستمە کۆنەکە و لە دایکبوونی سیستمە تازەکە زۆر هەستیارە و جیهان بە قۆناخێکی پاشاگەردانیی بێ سیستەمیدا تێدەپەڕێت، کە زۆر جێگای مەترسییە لەم قۆناخە ڕاگوزەرییەدا شەڕێکی گەورە، یان کارەساتێکی گەورە ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی ببێتەوە، بەتایبەتی لە ئێستادا کە مەترسییەکانی ڕووسیا بۆ سەر ڕۆژئاوا، مەترسیی فراوانخوازیی جیۆپۆلیتیکییە و لەم بوارەشدا ڕووسیا جیا لەوەی پەرەی بە سیستمی ڕۆکێتە ئەتۆمییەکانی داوە، مەترسیی ئەوەشی هەیە کە بە تەواوەتی لە ڕێککەوتنی سنووردارکردنی ڕۆکێتی مامناوەندی مەودای ئەتۆمی (INF) بێتە دەرەوە و چیدیکە بەو

**لە ساڵی ٢٠١٨ و دوای تەنیا یەک دوو مانگ لەو غەدرە گەورەیەی لە کوردستانیان کرد، جارێکی دیکە شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی بانگهێشتی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایش کرا، ئەمساڵیش (٢٠١٩) جارێکی دیکە شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتی مسرور بارزانی بە فەرمی بانگهێشتی هەمان کۆنفرانس کراوە**

**ئامادەبوونی شاندی کوردستان لە کۆنفرانسەکانی (٥١ و ٥٢ و ٥٣)ی میونشن بە سەرۆکایەتیی مسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەوانەیە هۆکارەکەی بە پلەی یەکەم کاریگەری و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووبێت لە شەڕی دژی داعشدا، بەڵام ئامادەبوونی شاندی کوردستان لە هەمان کۆنفرانس لە ساڵانی ٢٠١٨ و ٢٠١٩، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی جیۆپۆلیتیکی کوردستان لە قۆناخی دوای سیستمی جیهانیدا**

**گرنگیی ڕاپۆرتی کۆنفرانسی میونشنی ئەمساڵ لەوەدایە کە زۆر ڕاشکاوانە کۆتایی بە سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی (سیستمی نوێی جیهان) هێناوە**





**ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە کوردستان دەوڵەت بێت، یان دەوڵەت نەبێت، ئەوا دەوڵەتە گەورەکانی هاوشێوەی ئەمریکا و رووسیا و یەکێتی ئەورووپا، کاتێک بیانەوێت بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بدۆزنەوە، ناچار دەبن هەولێر وەک پایتەختێکی سەربەخۆ بخوێننەوە و بە هاوشێوەی پایتەختەکانی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەردانی بکەن**

رێککەوتنەوە پابەند نەبێت، بۆیە لەم حاڵەتە راگوزەرییەدا کە هیچ سیستمێکی نێودەوڵەتی لە جیهاندا بوونی نابێت، ژانی لەدایکبوونی سیستمە تازەکە بە ئاستێك قورس دەکات، کە لەوانەیە مەترسیی راستەقینە لە سەر ژیانی مرۆڤایەتی دروست بکات.

## ● هەڵوەشانەوەی سیستمە جیهانییەکان و چانسی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان

لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو و پێش دەستپێکردنی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی، ئەمریکا کە سەرکردایەتیی بلۆکی رۆژئاوای دەکرد، لە بەرامبەر بلۆکی سۆشیالیستی کە یەکێتی سۆڤیەت سەرکردایەتی دەکرد، ئاماژەکان بەو ئاراستەیە دەرکەوتبوون، کە تا رادەیەکی زۆر ئەمریکا بەرەو باڵادەستی بە سەر یەکێتی سۆڤیەتی پێشوودا دەڕوات، بەڵام پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش یەکسان بوون و هەر یەکەیان مافی بەکارهێنانی ڤیتۆی هەبوو، سەبارەت بەم باڵادەستییەی ئەمریکا لەناو یەکسانەکانی ئەنجومەنی ئاسایشدا، محەمەد حەسەنێن هەیکەل لە کتێبی ساڵانی کوڵاندا (سنوات الغليان) دەڵێت: «راستە جۆرێك لە یەکسانی لە نێوان ئەندامانی هەمیشەیی ئەنجومەنی ئاسایش هەیە، بەڵام ئەمریکا یەکەمی نێوان یەکسانەکانە..»، ئەمەشی بەو مانایە بەکارهێناوە، ئەگەر بەهەر هۆیەك هاوسەنگیی نێوان یەکسانەکان گۆڕانکاری بەسەردا بێت، ئەوا ئەمریکا دەبێتە سۆپەرپاوەری جیهانی و هێزەکانی دیکەی جیهان ناچار دەبن سەرکردایەتیی ئەمریکا قبووڵ بکەن. بێگومان ٢٠ ساڵ دوای ئەم قسەیەی هەیکەل، بە رووخانی دیواری بەرلین ئەو هاوسەنگییە تێکچوو و لە ساڵی ١٩٩٠ کە ئەو کات یەکێتی سۆڤیەتیش مابوو، سۆڤیەت رازی بوو بێتە ناو هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ دەرکردنی عێراق لە کوەیت بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا.



ئاماژەکردنمان بە نموونەی ئەمریکا، بۆ ئەوەیە بڵێین: زۆر گۆڕانکاریی گەورە لە ئاکامی وەرچەرخانەکان بە سەر سیستمە جیهانییەکاندا دێتەئاراوە و زۆر جاران نەتەوەیەکی دیاریکراو دەگاتە ئەو قۆناخەی کە گۆڕانکاری بەسەر چارەنووس و ئایندەیدا بێت، بەڵام هەتا ئەو وەرچەرخانە لەسەر ئاستی جیهان دروست نەبێت، ئەوا ئەو گۆڕانکارییەش لە چارەنووسی نەتەوەدا روونادات.

لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ١٠٠ ساڵی رابردوو و ئەو وەرچەرخانانەی بەسەر سیستمە جیهانییەکاندا هاتوون، دەبینین، بەشێکی زۆری دەوڵەتانی نەتەوەیی لە دوای وەرچەرخانەکان دروست بوون، هەر بۆ نموونە دوای کۆتاییهاتنی سیستمی نێودەوڵەتیی ڤێننا و دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان، بەشێکی زۆر لە نەتەوەکانی جیهان بوونە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان و لە پەیماننامەی «سیڤەر»یشدا ئەو مافە بە گەلی کورد دراوە، بەڵام پاشان لە پەیماننامەی لۆزان ئەو مافەیان لێ سەندینەوە، هەروەها لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی و دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، جیا لەوەی ژمارەیەك نەتەوەی دیکە بوونە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان، لە هەمانکاتدا مافی بڕیاردانی چارەنووس بووە مافێکی گەردوونی بۆ نەتەوەکانی جیهان، بەڵام بالانسی هێز لە سەردەمانی شەڕی سارد و هەستیاریی دابەشبوونە جیۆپۆلیتیکییەکان لەنێوان ئەو دوو هێزە گەورەیەدا، وایکرد کە دیسان نەتەوەی کورد بەگشتی و ئەو پارچەیەی کوردستان کە بە عێراقەوە لکێنراوە، ئەو دەرفەتەی بۆ هەڵنەکەوێت کە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی سیستمی دووجەمسەریی شەڕی سارد و دوای ئەوەی عێراق لە مانگی مارت و نیسانی ساڵی ١٩٩١ هێرشی کردە سەر

**بەرپەرچدانەوەی تیرۆریستانی داعش و تێکشکاندنی هێرشەکانیان لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، وەرچەرخانێکی دیکەی لە پێگەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان دروست کرد و، ئەم حوکمڕانییەی لە چوارچێوەی حوکمڕانیی هەرێمێکەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا گواستەوە بۆ ئاستی دەوڵەتێکی ئەمری واقیع**

**بالانسی هێز لە سەردەمانی شەڕی سارد و هەستیاریی دابەشبوونە جیۆپۆلیتیکییەکان لە نێوان ئەو دوو هێزە گەورەیەدا، وایکرد کە دیسان نەتەوەی کورد بەگشتی و ئەو پارچەیەی کوردستان کە بە عێراقەوە لکێنراوە، ئەو دەرفەتەی بۆ هەڵنەکەوێت کە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات**

**ئاڵۆزیی پرسی کۆتاییهاتنی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی هەر ئەوەندە نییە، سیستمەێکی جیهانی دەمرێت و لە شوێنی ئەو سیستمە، سیستمێکی دیکەی جیهانی لەدایک دەبێت، بەڵکو پرسی سەرەکی و مەترسیی گەورە لەبەردەم ئەم کێشە ئاڵۆزەدا وەک بیرمەندی ئیتاڵی ئەنتۆنیۆ گرامشی لە پەڕاوەکانی بەندیخانە نووسیویەتی، ئەوەیە: (سیستمە کۆنەکە مردووە و سیستەمە تازەکەش لە دایک نابێت..)**

کوردستان، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڕیاری ٦٨٨ی لە ئەنجومەنی ئاسایش دەکرد و بەپێی ئەو بڕیارە ( نەوای ئارام ) بۆ «کوردستانی عێراق» دامەزرا.

دامەزراندنی نەوای ئارام لە کوردستانی بن فەرمانی عێراقدا، وەرچەرخانێکی گەورەی لە بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان لەم بەشە دروست کردو بزووتنەوەکەی لە قۆناخی خەباتی شاخ و چەکدارییەوە گواستەوە بۆ قۆناخی حوکمڕانی و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، پاشانیش لەگەڵ رووخانی رژێمی سەدام حوسێن و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق، ئەم ئەزموونی حوکمڕانییەی کوردستان بووە بەشێك لە عێراقی نوێ و دەستووری ٢٠٠٥، لەمەش زیاتر یەکپارچەیی عێراق گرێ درایەوە بەو مەرجەی کە دەبێت عێراقی ئایندە دەوڵەتێکی فیدراڵی و فرەیی و پەرلەمانی و دیموکراتی بێت.

لە ساڵی ٢٠١٤ دوای سەرهەڵدانی داعش و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام، تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر کوردستان و بەرپەرچدانەوەی تیرۆریستانی داعش و تێکشکاندنی هێرشەکانیان لەلایەن هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، وەرچەرخانێکی دیکەی لە پێگەی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان دروست کرد و، ئەم حوکمڕانییەی لە چوارچێوەی حوکمڕانیی هەرێمێکەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا گواستەوە بۆ ئاستی دەوڵەتێکی ئەمری واقیع، هەر بۆیە زۆر لە بیرمەندان و توێژەران و رۆژنامەنووسان، ئەم وەرچەرخانەیان ناو لێنا «پرۆڤەی کوردستان بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ»، ئەم وەرچەرخانەی کوردستان هاوکات بوو لەگەڵ دەرکەوتنی سەرەتاکانی نەمانی سیستمی جیهانی، هەر بۆیە لە ساڵی ٢٠١٥ لە میانەی سەرکردایەتیکردنی وەفدی کوردستان بۆ واشنتۆن، مسعود بارزانی راشکاوانە لەگەڵ سەرۆك ئۆباما لە کۆشکی سپی پرسی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی لەگەڵ باسکرد، بەڵام سەرۆك ئۆباما پرسی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی بە کۆتاییهاتنی شەڕی داعشەوە گرێ دایەوە، هاوکات مسعود بارزانی کۆتاییهاتنی شەڕی داعشی وەك ئەولەوییەتێکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پەسەند کردو پرسی سەربەخۆیی و سەروەریی کوردستانی بۆ دوای کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعش دواخست.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٧ و دەستبەکاربوونی ترەمپ وەك سەرۆکی ئەمریکا، وەك راپۆرتی کۆنفرانسی (٥٣)ی میونشن-یش ئاماژەی پێ کردووە (پۆست رۆژئاوا، پۆست راستی، پۆست سیستمی جیهانی)، لەمەش زیاتر ماکماستەری راوێژکاری پێشووی سەرۆك ترەمپ کە لە سەرەتای ٢٠١٧ رایگەیاند کە کۆپیی سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی ١٩٤٥، چیدیکە بە کەڵکی ئەمریکا نایەت، ئەمەش واتە بە کردەیی سیستمی جیهانی کۆتایی هات..

لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٧ مسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تەواوی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆبووەوە و پێی راگەیاندن لە ناو ئەم گۆڕانکارییە گەورەیەدا کاتی ئەوە هاتووە هەموومان بە یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی بڕیارێك بۆ ئایندەی نەتەوەکەمان بدەین، ئەوە بوو هەر لەو کۆبوونەوەیەدا رۆژی ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کوردستان راگەیەندرا، بەڵام بەداخەوە ئەو دەوڵەتانەی مەبەستیان بوو بەرگری لە سیستمە کۆنەکە بکەن، هەروەها ستافی ئەو دەوڵەتە قووڵەی کە لە ئەمریکا بوونی هەبوو، کە کاریگەریی گەورەی لەسەر ئیدارەی ترەمپ هەبوو، بووە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دژی ئیرادەی گەلێکی ئازادیخواز رابوەستێت و نەهێڵن ئاکامی ریفراندۆمەکە سەربگرێت.

وێڕای ئەوەی بەرژەوەندیی دەوڵەتانی رۆژئاوا لەگەڵ بەرژەوەندیی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان لەسەر پرسی ریفراندۆم یەکانگیر بوو، لەسەر ئەم پرسەش بۆ ماوەی چەندین مانگ غەدرێکی گەورەیان لە خەڵك و حکومەتی کوردستان کرد، بەڵام گۆڕانکارییە گەورەکان لە سەر سیستمی جیهانی و نەتوانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ گێڕانەوەی ئەو سیستمەی لەسەر لێواری هەڵدێرە، بە شێوەیەك

لە شێوەکان رای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە جۆرێك وەرچەرخان، کە وەك ئەمری واقیع بێدەنگی لەسەر ئاکامی ریفراندۆم بکەن و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئاسایی بکەنەوە، بە پەیوەندیی نێوان هەولێر و بەغداشەوە، هەروەها پەیوەندیی نێوان کوردستان و وڵاتانی دەوروبەر و کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

ئەوەی جێگەی هەڵوەستە لەسەرکردن بوو، لە ساڵی ٢٠١٨ و دوای تەنیا یەك دوو مانگ لەو غەدرە گەورەیەی لە کوردستانیان کرد، جارێکی دیکە شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی بانگهێشتی کۆنفرانسی میونشن بۆ ئاسایش کرا، ئەمساڵیش (٢٠١٩) جارێکی دیکە شاندی کوردستان بە سەرۆکایەتی مسرور بارزانی بە فەرمی بانگهێشتی هەمان کۆنفرانس کراوە.

ئامادەبوونی شاندی کوردستان لە کۆنفرانسەکانی (٥١ و ٥٢ و ٥٣)ی میونشن بە سەرۆکایەتیی مسعود بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لەوانەیە هۆکارەکەی بە پلەی یەکەم کاریگەری و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووبێت لە شەڕی دژی داعشدا، بەڵام ئامادەبوونی شاندی کوردستان لە هەمان کۆنفرانس لە ساڵانی ٢٠١٨ و ٢٠١٩، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێگەی جیۆپۆلیتیکی کوردستان لە قۆناخی دوای سیستمی جیهانیدا، ئەمە ئاماژەیەکی روونە بۆ گرنگیی کوردستان وەك هاوپەیمانێکی گرنگ بۆ رۆژئاوا لە ناوچەیەکی ئاڵۆزی وەك رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لە ناو راپۆرتەکەی ئەمساڵی (کۆنفرانسی میونشن)دا لە یەك دوو شوێن جەخت کراوەتەوە سەر نامەی دەست لەکارکێشانەوەکەی ماتیس-ی وەزیری پێشووی بەرگریی ئەمریکا کە تیایدا بۆ ترەمپی نووسیووە: «شکۆی دەوڵەتەکەمان گرێ دراوە بە هاوپەیمانەکانمانەوە..»، ئەم قسەیەی ماتیس کە ئاراستەی سەرۆکی خۆی کردووە، هۆشدارییەکە بۆ سەرۆك ترەمپ کە دەستبەرداری هاوپەیمانەکانی نەبێت، هەر بۆیە کاتێك ئەم قسەیەی ماتیس دەبێتە بەشێك لە راپۆرتی کۆنفرانسی میونشن بۆ ٢٠١٩، ئەمە مانای ئەوەیە دەوڵەتانی رۆژئاوا پێویستە بایەخێکی زۆر بە هاوپەیمانەکانیان بدەن و لە میانەی گرنگیی هاوپەیمانەکانیانەوە شکۆی خۆیان پێناسە بکەنەوە.

لەم چوارچێوەیەدا کە رێکخەرانی کۆنفرانسی میونشن بۆ کۆنفرانسی ئەمساڵ جارێکی دیکە شاندی کوردستان بە فەرمی و جیا لە شاندی حکومەتی عێراق داوەت دەکەن و دەوڵەتە جیاوازەکان هەر یەکەیان بە جیا لەگەڵ شاندی کوردستان لە پەراوێزی ئەم کۆنفرانسە کۆبوونەوە لەگەڵ شاندی کوردستان دەکەن، ئەمە مانای ئەوەیە پێگەی جیۆپۆلیتیکی کوردستان چۆن بۆ شەڕی دژی داعش زۆر گرنگ بوو، ئەوا بۆ ئێستای دوای کۆتاییهاتنی سیستمی جیهانییش، پێگەیەکی جیۆپۆلیتیکی گرنگە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مەبەستێتی ئەم پێگە جیۆپۆلیتیکییە وەك کیانێکی سەربەخۆ هاوپەیمانێکی گرنگی بێت لەناو چەکەدا.

ئەوجا لێرەوە ئەگەر کۆتایی ئەم بەشە گرێ بدەینەوە بە سەرەتای ئەم باسەوە و کە تیایدا ئاماژەمان بە پێگەی ئەمریکا کرد لە سەردەمانی شەڕی سارددا، ئەوا لێرەوە دەتوانین بڵێین: راستە کوردستان دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە و رێگەیان نەداین کە ببینە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، بەڵام لە ئێستاوە ئاماژەکان ئەوە دەردەخەن کە کوردستان دەوڵەت بێت، یان دەوڵەت نەبێت، ئەوا دەوڵەتە گەورەکانی هاوشێوەی ئەمریکا و رووسیا و یەکێتی ئەورووپا، کاتێك بیانەوێت بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بدۆزنەوە، ناچار دەبن هەولێر وەك پایتەختێکی سەربەخۆ بخوێننەوە و بە هاوشێوەی پایتەختەکانی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست سەردانی بکەن، ئەم بارودۆخە کە لەوانەیە هەتا لەدایکبوونی سیستمە تازەکەی جیهان هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ لەدایکبوونی سیستمە تازەکە پێویستیی کۆمەڵگەی نێودەوەڵەتی دەگاتە ئەو ئاستەی کە خۆیان ببنە ئەو مامانەی کە دەوڵەتی کوردستان وەك دەوڵەتێکی گرنگ و هاوپەیمان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دایك بێت و دابمەزرێت.

**گۆڕانکارییە گەورەکان لە سەر سیستمی جیهانی و نەتوانینی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ گێڕانەوەی ئەو سیستمەی لەسەر لێواری هەڵدێرە، بە شێوەیەک لە شێوەکان رای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە جۆرێک وەرچەرخان، کە وەک ئەمری واقیع بێدەنگی لەسەر ئاکامی ریفراندۆم بکەن و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئاسایی بکەنەوە**

**ئەم بارودۆخە کە لەوانەیە هەتا لەدایکبوونی سیستمە تازەکەی جیهان هەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ لەدایکبوونی سیستمە تازەکە پێویستیی کۆمەڵگەی نێودەوەڵەتی دەگاتە ئەو ئاستەی کە خۆیان ببنە ئەو مامانەی کە دەوڵەتی کوردستان وەک دەوڵەتێکی گرنگ و هاوپەیمان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە دایک بێت و دابمەزرێت**



دکتۆر مەولوود خزر
شارەزا لە زانستە ئیسلامییەکان بۆ گوڵان:

# کورد پێویستی بە ئایینێکی ئیسلامی سەربەخۆیە کە لەو هەموو تەوژمە فیکرییە نامۆیەی کۆمەڵگەی موسڵمانان بە دوور بێت

**کاتی ئەوە هاتووە کورد ئایینێکی ئیسلامیی سەربەخۆی هەبێت، نە سەلەفی سعودییە و نە سۆفی تورکی و نە ئیخوانی میسری و نە مەزهەبیی ئێرانی و خۆیشی نابێت تووشی شەڕی مەزهەبیی سوننە و شیعە بکات**



**لە ژینگەی مرۆیی کوردستاندا دیاردەی فرەئایینی و گیانی پێکەوە ژیان و ئاشتەوایی، لە دێرزەمانەوە شتێکی بەرجەستە و دیاردەیەکی جێکەوتوو بووە کە تا ئێستاش کەس ناتوانێت (بە یار و نەیارەوە) حاشا و نکوڵ لێ بکات، بە هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش گەلی کوردستان زیاتر بە ئایینەکەی خۆیەوە پابەند بووە و بەها باڵاکانی پاراستووە، بەپێچەوانەی نەتەوەکانی دیکە کە هەوڵیان داوە و دەیانەوێت بە زۆر ولە ڕێگەی بەکارهێنانی توندوتیژییەوە بە سەر گەلانی دیکەدا فەرزی بکەن، بێگومان لەوەشدا زانایانی ئایینی کوردستان ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، بەڵام دیاردەی حزبی ئیسلامی لە کۆمەڵگەیەکی موسڵمانی وەك کۆمەڵگەی کوردستاندا چ مانایەکی هەیە و فیکر و ئایدیۆلۆژیای پشت دروستبوونی حزبە ئیسلامییەکان لەم کۆمەڵگەیەدا چییە؟ ئەمانە و چەندین پرسی گرینگ و هەستیار تەوەری سەرەکیی ئەم دیدارەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ دکتۆر مەولوود خزر قەرەنی، پێکدەهێنن، کە شارەزایەکی دیارە لە زانستە ئیسلامییەکان (بەتایبەت لە زانستی قورئانی پیرۆز) و وتارخوێنی مزگەوتی «ئاڵتوون»ـە لە هەولێر، هەروەها مامۆستایە لە پەیمانگەی تەکنیکی خەبات بەشی کارگێڕی یاسایی، لەم دیمانەیەشدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە ماوەی ٣٠ساڵی ڕابردوودا تاکی کورد لە فتوای ئایینی پەنای بردۆتە بەر هەندێك مەزهەب و لایەن و ئیرشاد و ئامۆژگاریی ئایینی لە کەسانێك وەرگرتووە، کە بە نەریت و ڕەوشت و ئەخلاقی کوردی نامۆ بوون.**

*** ئەوەی لە کوردستان شانازی پێوە دەکەین، دیاردەی فرەئایینییە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی خەڵکی کوردستان موسڵمانن، ئەم دیاردەی تەسامحە بێجگە لە کوردستان، لە هیچ وڵاتێکی دیکەی ئیسلامی بوونی نییە، ئایا ئەم گیانی پێکەوە ژیانە تاچەند بۆ زیرەکی و لێهاتوویی زانایانی ئایینی کوردستان دەگەڕێتەوە؟**

- بە ناوی خوای گەورە. سەرەتا بەخێر بێن و سڵاو لە کوردستانییان بە هەموو ئایین و ئایینزاکان و قەوم و نەتەوەکانی دانیشتووی ئەم خاکە. ئایین لەوەتەی مرۆڤ هەیە لەناو هەموو گەل و نەتەوەو میللەتێکدا بوونی هەیە و تێکهەڵکێشراوی یەکتر بوون. ئایین بە فاکتەرێکی سەرەکی لەناو ژیانی تاك و کۆمەڵگە و دەوڵەت دادەنرێت، لە هەموو وێستگە و ڕووداو و قۆناغەکانی مرۆڤایەتیدا ئایین ڕۆڵی هەبووە، میللەتی کوردیش یەکێکە لەو میللەتانەی زۆرینەی موسڵمانە و مێژوو و توراسێکی دەوڵەمەندی لە ئایینی ئیسلام و مێژووەکەشیدا هەیە، ئایینیش بەگشتی و ئایینی ئیسلام بەتایبەتی لەناو نەتەوەی کورد بووەتە هۆی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ڕێکخستنی کۆمەڵگە، کورد بەپێچەوانەی زۆر لە نەتەوەکانی دیکە هیچ کات ئایینی بۆ مەرام و مەبەستی دوور لە شەرعی خوا بۆ چەوسانەوەی میللەتانی دیکە و دژایەتی ئایین و ئایینزاکانی دی بەکار نەهێناوە، جگە لەخزمەتکردنی ئایینەکە بۆ هوشیاری و پێگەیاندنی کۆمەڵگەو ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگە بەکار هاتووە، لەمەشدا زاناو مامۆستایانی ئیسلامی ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوەو لەهەموو قۆناغەکاندا زانایان و شێخ و مەلای وڵاتانی دیکە لە زانستە شەرعییەکاندا سوودیان لە زانایانی کورد وەرگرتووە، وەکو شێخ موستەفای نەقشبەندی کە ئێستاش زۆرێك لە مەلاکان و زاناکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق خۆیان بە قوتابیی ئەو دەزانن و بۆ چەندین ساڵیش «موفتی»ی یەك لە دوای یەکی عێراق کورد بوون، وەکو شێخ ئەمجەد ئەلزەهاوی و مامۆستا عەبدولکەریم مودەڕیس و پرۆفیسۆری ئەکادیمی و زانا و دکتۆری هاوچەرخ لە بواری زانستە شەرعییەکان و یاسا دکتۆر موستەفا زەڵمی (خودا لە هەموویان خۆش بێت)، بەمەش پێگەیاندنی تاکی کورد بەوەی تاکێکی خواپەرست

**زۆرێک لە زانستە شەرعییەکان بەدەستی مرۆڤەکان دانراون، بۆ ئەوەی ژیانی ئەو سەردەمەی خۆیانی پێ بڕوێنن و بەو زانستەشیان باشتر لە ئایینەکەیان گەیشتوون**

و راستگۆ و بە تەساموحی لێدەرچێت، بووەتە کولتوورێك و نەوە لە دوای نەوە دەوڵەمەند بووە، تا ئەو کاتەی تەوژمی فیکر و ئایدیۆلۆژیاکای نامۆ بە موسڵمانانی کورد لە دەرەوەی سنوورەکان هێنران و دەرخواردی هەندێك لەو گەنجە کوردە موسڵمانەیان دا .

*** دیاردەی حزبی ئیسلامی، لە کۆمەڵگەیەکی موسڵمانی وەك کۆمەڵگەی کوردستاندا چ مانایەکی هەیە؟ کۆمەڵگەی کوردستان وەك کۆمەڵگەیەکی موسڵمان سوپاس بۆ خوا لە رووی ئایینەوە کۆمەڵگەیەکی یەکگرتووە و مزگەوتەکانی کوردستان هەموویان وەك ئەوەن، یەك مامۆستای ئایینی پێشنوێژیی تێدا بکات، بەڵام بە دروستبوونی حزبی ئیسلامی ئەم یەکگرتووییە خەریکە پەرتەوازە دەبێت، ئایا تاچەند حزبی ئیسلامی هۆکارێکە بۆ تەفرەقە لە نێوان موسڵمانانی کوردستاندا؟**

- سەرتا دەبێت باسی فکر و ئایدیۆلۆژیای پشت دروستبوونی حزبە ئیسلامییەکان بکرێت کە هەموویان لە دەرەوە هێنراون و مەرج نییە هەموویان بە شێوەی حزبی دەرکەوتبن، هەمانە لە کوردستان بە شێوەی گرووپ و جەماعەت و دەزگا کار دەکەن، فکر و بیرورای چەقبەستوویی و نامۆ بە کوردستانیشیان لای خەڵکی سادە مەقبووڵن، چونکە بە شکڵ و شێواز و سیمایەك خۆی نیشان داوە کە حەق هەر لای ئەوە، کە وا نییە و پێغەمبەرمان محەمەد (د خ) وەك گەلەکەی ژیاوە و ریش و جلوبەرگی موسلمانان وەك ریش و جلوبەرگی قورەیشییەکان وابووە و مێزەرەو کڵاو و جامانییەکەیان هەمووی وەك یەك وابوون. سەبارەت بە حزبە ئیسلامییەکانی کوردستان، دەکرێت بڵێین لە قۆناغێکدا زیانیان نەبوو، بەڵکو سوودیشیان لە بواری شۆڕش و راپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ی گەلی کورد هەبووە، واتا ئەو بزووتنەوانەی لە کوردستانی باشوور پەیدا بوون بۆ ئەو کات تا وەکو ساڵی ٢٠٠٣ باش بوون و هەندێك جار پێویستیش بوون، بەڵام لەدوای ئەو زەمەنە کاتێك ئایین بووە کەرەستەیەك بۆ ململانێی حزبی و رۆڵی لە هێنانی تەوژم و فکری نامۆ بە کۆمەڵگەکەمان هەبوو، وەکو دەرکەوتنی سەلەفیی توندڕەوی سعودی و ئێرانی مەزهەبی و تورکیای سۆفی و میسری ئیخوانی و چەندین گرووپی توندڕەوی دیکە، ئەو کات زیانەکانی ئەم بێسەروبەری و پشێوییە دەرکەوت، تەنانەت بووە هۆکاری ئینشقاقی ناو خودی حزبە ئیسلامییەکانیش، لە هەمووشی مەترسیدارتر ئینشقاقی نێوان مامۆستا و مەلاکانی لێکەوتۆتەوە، لە کاتێکدا لە شۆڕشەکانی کوردستان مەلا و مامۆستایان زۆر یەکگرتوو بوون و پێکەوە داکۆکییان لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستان کردووە، تەنانەت لە مەسەلە فقهی و شەرعییەکاندا یەکدەنگ بوون، ئەمەش تەنیا ئۆباڵی ناکەوێتە سەر ئەو حزب و کەسانەی ئەو هزر و فکرە توندڕەوییە دەهێننە ناو کۆمەڵگەی کوردەوە، بەڵکو ئۆباڵەکەی دەکەوێتە سەر تەواوی زانایان و مامۆستایانی ئایینی و وەزارەتی ئەوقاف و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە کە نەیانتوانیوە مەرجەعێکی ئایینی لەکوردستاندا دروست بکەن، وەکو ئەوەی لە زۆر وڵاتانی دراوسێ بوونی هەیە. بۆ نموونە لە بواری فەتوادا لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا تاکی کورد لە فتوای ئایینی پەنای بردۆتە بەر هەندێك مەزهەب و لایەن و ئیرشاد و ئامۆژگاری ئایینی لە کەسانێك وەرگرتووە، کە نامۆ بوون بە نەریت و رەوشت و ئەخلاقی کوردی، هەربۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو زانایان و مامۆستایانە کار بۆ نەهێشتنی تەفرقە و جیاوازی بکەن، لەمەشدا چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر (د خ) داوای لێمان کردووە یەکگرتوو بین و نەهێڵین تەفرەقە بین وەکو ئەوەی خوای گەورەو میهرەبان دەفەرموێت: (واعتصموا بحبل الله جميعا ولا تفرقوا)، پێغەمبەری سەروەرمان دەفەرمێ: (لا تحاسَدوا، ولا تناجشوا، ولا تباغضوا، ولا تدابروا، ولا يبِعْ بعضكم على بيع بعضٍ، وكونوا - عباد الله - إخوانًا، المسلم أخو المسلم: لا يظلِمه، ولا يخذُله، ولا يكذِبه، ولا يحقِره، التقوى ها هنا - ويشير إلى صدره ثلاث مراتٍ - بحسب امرئ من الشر أن يحقر أخاه المسلم، كل المسلم على المسلم حرامٌ: دمُه ومالُه وعِرضه)

*** کورد و ئایینی پیرۆزی ئیسلام بوونەتە مێژوویەکی هاوبەش، واتە دەکرێت بڵێین کورد تەنیا نەتەوەیە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە پێشوازی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام کردووە و چەندین زانای گەورەی تێدا هەڵکەوتووە، ئایا**

**ململانێی توند و قین و رق لە ناو ئەو هەموو حزبە ئیسلامی و حزبە کوردستانییەدا، کاریگەریی نەرێنی لەسەر بیرکردنەوەی تاکی کورد و تەنانەت زانا و مامۆستایانی ئیسلامیش داناوە**

**تەفرەقە و بوونی ئەو هەموو تەوژمە جیاجیا و نامۆیە بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەناو کوردا زیان بە ئاستی ئاییندار لە کوردستاندا دەگەیەنێت**

**دەبێت مامۆستایانی ئایینی ئەوە بزانن و ئاگاداری ئەوە بن، کەوا چاوی هەموو جیهان لەسەر ئەو ناوچەیەیە و شەڕە گەورەکان لە نێوان ئەو چوار وڵاتەن ئێران و تورکیا و سووریا و عێراق بە سەرپەرشتیی وڵاتانی زلهێز کە ئێمەی کورد لە ناوەڕاستی حەدەسەکەداین، هەموو ئەو وڵاتانە بە چەندین پڕۆژە و تەمویلی زۆر کار لە سەر فکر و بیروڕای گەنجی ئەو میللەتە دەکەن، بۆیە زۆر گرنگە حکومەت و خەڵکی رۆشنبیر و ئازا بیری لێ بکەنەوە**

**ئـەو نهێنییـە چییـە کـە کـورد بـە شـێوەیەکی ئاشـتیخواز و ئارەزوومەندانـە پێشـوازی لـە ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلام کـردووە؟**

- کـورد لەپێنـاو خـواو ئامانجـی ئـازادی و مافەکانـی بـە ئاشـتیخواز بووەتـە موسـڵمان، هـەر بۆیـە لـە درێژایـی شۆڕشـەکان و راپەڕینەکانیـدا سـوودی زۆری لـە گوتـاری ئایینـی و ئاییـن بـە گشـتی وەرگرتـووە، لـە ئیسلامیشـدا رێـز لـە هەمـوو نەتـەوەکان گیـراوە، خـوای گـەورەش بۆیـە ئـەم هەمـوو نەتـەوەو هـۆزەی دروسـت کـردووە، تاوەکـو پەیوەندییەکـی سـۆز و عاتیفـە لـە نێوانیانـدا هەبێـت و پاڵپشـتی یەکتـر بکـەن، کـە لـە قورئانـی پیـرۆز دەفەرمێـت: (یـا أیهـا النـاس إنـا خلقناکـم مـن ذکـر وأنثـی وجعلناکـم شـعوبا وقبائـل لتعارفـوا)، لـە مێژووشـدا شـێخ و مامۆسـتا و مـەلای کـورد رۆڵێکـی گەورەیـان لـە بوارەکانـی ئاشـتیخوازی و ئاشـتیی کۆمەڵایەتـی و بەرگریکـردن لـە هـەژاران و لێقەومـاوان بینیـوە، هەمـوو شـۆڕش و راپەڕینەکانـی گەلـی کـورد لەلایـەن سـەرۆك و سـەرکردەی موسـڵمانەوە ئەنجـام دراون و مامۆسـتای ئایینـی و زانایانمـان لـە دەوریـان کۆبوونەتـەوە، ئەوەتـا شـێخ عەبدولسـەلامی بارزانـی و پێشـەوا قـازی محەمـەد و شـێخ مەحمـوودی حەفیـد و مـەلا مسـتەفا بارزانـی هـەر هەموویـان پـەروەردەی حوجـرە و مزگـەوت و تەکییەکانـی کوردسـتان بـوون.

*** لـە مێژووی کـورد و ئیسـلامدا چەندیـن زانـا و بیرمەنـدی گـەورەی کـورد لـە بـواری زانسـتی ئیسـلامیدا هەڵکەوتـوون و توانیویانـە داهێنانـی گـەورە بکـەن، هـەر بـۆ نموونـە خانـی و مـەلای جزیـری و مەولـەوی و نالـی و مەولانـا خالیـدی نەقشـبەندی، پرسـیار لێـرەدا ئەوەیـە بۆچـی لـە ئێسـتا ئـەم بیرمەنـدە گەورانـە دروسـت نابـن؟**

- جێـگای داخـە لـە کاتێکـدا لـە مێـژووی کـورد و ئیسـلامدا ئـەو هەمـوو زانـا و بیرمەنـدە گەورەیـە هەڵکەوتـوون، کەچـی کـورد بـۆ خـۆی نەیتوانیـوە سـوود لـەو گەنجینـە دەوڵەمەنـدە وەربگرێـت، لەکاتێکدا کورد پابەندە بە ئایینی ئیسلامی پیرۆز و باجـی ئـەو پابەندبوونەشـی داوە، کـە جێـگای شـانازیی هەمـوو کوردێکـی ئایینپـەروەرە، بـەڵام نەبوونـی مەرجەعـی ئایینـی بـۆ فەتـوا و نەبوونـی زانکـۆی هاوچـەرخ تاوەکـو فەلسـەفەی ئاییـن و هونـەر و جوانییەکانـی ژیانـی تێـدا بخوێندرێـت و، باسـی ئیلاهییـات و هەمـوو ئـەو بابەتـە فکرییانـە بکرێـت بـۆ بەرەوپێشـبردنی تاکـی کـوردی و کۆمەڵگـە لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵەتـی و هەرێمـی کێشـەی گـەورە بـووە. لەلایەکی دیکـەوە پێویسـتمان بـە گفتوگۆیەکـی جددی هەیـە لـە بـواری زانسـتە شـەرعییەکان و فەلسـەفەی رۆحانـی و عیرفانـی و ئیلاهییـات و غەیبییـات، بـۆ نموونـە زۆرێـك لـە زانسـتە شـەرعییەکان بەدەسـتی مرۆڤـەکان دانـراون، بـۆ ئـەوەی ژیانـی ئـەو سـەردەمەی خۆیانـی پـێ برۆێنـن و بـەو زانستەشـیان باشـتر لـە ئایینەکەیـان گەیشـتوون. ئێسـتا زۆرێك لـەو زانسـتانە کاریـان پـێ ناکرێـت و پێویسـتیمان پێـی نییـە، بەڵکو پێویستیمان بـە زانسـتی دیکەیـە لـە جیهانـی هاوچەرخـدا. لـە هەمووشـی مەترسـیدارتر هاتنـی بـە لێشـاوی ئـەو مەزهـەب و هـزرە نامۆیانەیـە بـە کـوردو مێـژووە دەوڵەمەندەکـەی لـە تێگەیشـتنی ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلام، ململانێـی تونـد و قیـن و رق لـە نـاو ئـەو هەمـوو حزبـە ئیسـلامی و حزبـە کوردسـتانییەدا، کاریگەریـی نەرێنـی لەسـەر بیرکردنـەوەی تاکـی کـورد و تەنانـەت زانـا و مامۆسـتایانی ئیسـلامیش دانـاوە، لەبـری دەرکەوتنـی ئـەو زانایانـەی پێشـوو کـە ئێسـتا ئـەو هەمـوو تەکنەلۆژیـا و گەیانـدن و ئەنتەرنێـت و کەناڵـە تەلەفزیۆنییەکانیـش هەیـە، کەچـی ئێمـە زیاتـر بـەرەو تەفرەقـە دەچیـن، ئەمـەش مەترسـییە گەورەکەیـە کـە سـەدان ئەجینـدای دەرەکـی کاری لەسـەر دەکات. تەنانـەت تەفرەقـە و بوونـی ئـەو هەمـوو تەوژمـە جیاجیـا و نامۆیـە بـە ئایینـی پیـرۆزی ئیسـلام لەنـاو کوردا زیـان بـە ئاسـتی ئاییـنداری لـە کوردسـتاندا دەگەیەنێـت، چونکـە ئەمـڕۆ رابـەرە گەورەکانـی ئیسـلامی، وەکـو مەولانـا خالیـدی نەقشـبەندی و حاجـی کاك ئەحمـەدی شـێخ و پرۆفیسـور دکتـۆر مسـتەفا زەڵمـی و.. بوونیـان نییـە، کـە ئـەو رابەرانـە رۆڵـی گەورەیـان لـە پێگەیاندنـی کۆمەڵگـەی کوردسـتاندا هەبـووە. بۆیـە زۆر گرنگـە گەنجانـی ئـەم وڵاتـە بـە کـچ و کـوڕەوە هوشـیار بکرێنـەوەو لـە دەوری فیکـری زانایانـی کـوردی کۆببنـەوە بـە دوو رێگـە:

١ - هوشـیارکردنەوەی گەنجانـی کـوردی بەتایبـەت و کۆمەڵگـە بەگشـتی کـە فتـوا لەکـەس وەرنەگیرێـت، جگـە لـە زانایانـی وڵاتـی خۆمـان، هەروەهـا گـوێ لـە وەعـز و ئیرشـادات و ئامۆژگاریـی زانایانـی کـورد بگـرن، بەتایبەتـی

**لە وەتەی ئیسڕائیل لە فەلستینییەکان دەکوژێ، کە دوو دینن نەگیشتووەتە چارەکی عەرب کە لە کوردی باشووری کوردستانی کوشتووە، بەڵام (عەرب و تورک و فارس) توانیویانە ئیسرائیل بکەنە دێوەزمەیەکی زۆر گەورە لە روانگەی ئایینەوە، کە کەس نەتوانێت مامەڵەی لەگەڵ بکات، تەنانەت سیاسییەکانیش بە دزی و شاراوەیی باس لە پەیوەندیی نێوان ئیسڕائیل و ولاتانی موسلمان دەکەن**

**گەلانی موسڵمانی (تورک و عەرەب و فارس) بێبەرین لەو کۆمەڵکوژی و کوشتارانەی حوکمڕان و سەرکردەو سەربازەکانیان دژی برا موسڵمانە کوردەکانیان ئەنجام داوە، حوکمڕانانی ئەوان زۆر هەوڵ دەدەن وا لە نەتەوەکانیان بگەیەنن کە ئێمە موسڵمان نین، زۆر لە زاناو مامۆستایان و حکومەتەکانی ئێمەش نەیانتوانیوە ئەو رۆڵە بگێڕن بۆ گەیاندنی راستییەکان و دەرخستنی تاوانەکانیان**

ئەگەر بابەتەکە جێگای رای جیاواز هەڵبگرێت و ئیختیلافی لەسەر بوو.

٢ - دروستکردنی مەرجەعی ئایینی لە کوردستان وەك ئەوەی هەیە لە زۆرێك لە وڵاتانی دراوسێ و لەم مەرجەعەوە فتوای هاوچەرخ و نوێ و گونجاو لەگەڵ کات و شوێن و خەڵکەکە بدرێت.

*** خوالیخۆشبوو مامۆستا محەمەد گەزنەیی دەیفەرموو، نەتەوەی کورد بۆیە مەزهەبی شافعی پەیڕەو کردووە، لەبەر ئەوەی جیاواز بێت لەو نەتەوانەی کە کوردستانیان داگیرکردووە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی مەزهەبی ئیمامی شافعی لە هەموو مەزهەبەکانی دیکەش توندترە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە تاچەند تێکەڵکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و بۆ ناسنامەی ئایینی گرنگە؟**

- رەحمەتی خودا لە دکتۆر محەمەد گەزنەیی بێت، کەسێکی زیرەك و رۆشنفکر بوو، لە کاتی سەردانیکردنم بۆ لای دکتۆر گەزنەیی دەیگوت: مەلای کورد دەزانێت بخوێنێتەوە، بەڵام بیر ناکاتەوە، ئەوەش پێی دەگوترێت: (القراة الببغائية). لەو قسە گرنگانەی دیکەی دکتۆر محەمەد گەزنەیی ئەوە بو دەیگوت: مەزهەب بووە بە دین لە کاتێکدا عەباسییەکان وەك رێکخستن بەکاریان هێنا بۆ یەکگرتوویی خەڵکەکە، بۆیە ئەوە زۆر راستە کورد و مامۆستاکانی ئایینی لەو سەردەمە رەنگە بە شێوەی رێکخستنیش نەبێت، خەڵکیان پابەند کرد بە مەزهەبی شافعی بۆ ئەوەی تاکی کوردی پەرتەوازە نەبێت کە هیچ لە دەوڵەتە جیرانەکانمان شافعی مەزهەب نین. دەمەوێ لێرەدا ئاماژە بە خاڵێکی زۆر گرنگ بکەم، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت مامۆستایانی ئایینی ئەوە بزانن و ئاگاداری ئەوە بن، کەوا چاوی هەموو جیهان لەسەر ئەو ناوچەیەیە و شەڕە گەورەکان لە نێوان ئەو چوار وڵاتەن ئێران و تورکیا و سووریا و عێراق بە سەرپەرشتیی وڵاتانی زلهێز کە ئێمەی کورد لە ناوەڕاستی حەدەسەکەداین، هەموو ئەو وڵاتانە بە چەندین پرۆژە و تەمویلی زۆر کار لە سەر فکر و بیروڕای گەنجی ئەو میللەتە دەکەن، بۆیە زۆر گرنگە حکومەت و خەڵکی رۆشنبیر و ئازا بیری لێ بکەنەوە. بۆ زیاتر تێگەیشتن لەو باسە نموونەیەك دەهێنمەوە: لە وەتەی ئیسرائیل لە فەڵەستینیەکان دەکوژێ، کە دوو دینن نەگیشتووەتە چارەکی عەرب کە لە کوردی باشووری کوردستانی کوشتووە، بەڵام (عەرب و تورك و فارس) توانیویانە ئیسرائیل بکەنە دێوەزمەیەکی زۆر گەورە لە روانگەی ئایینەوە، کە کەس نەتوانێت مامەڵەی لەگەڵ بکات، تەنانەت سیاسییەکانیش بە دزی و شاراوەیی باس لە پەیوەندیی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی موسڵمان دەکەن، بەڵام لە رووی زوڵم و زۆرداری و داگیرکاری عەرب و تورك و فارس خاکی نەتەوەکانی دیکەیان داگیرکردووە و ئازادییان لێ زەوت کردوون، بەڵام خەڵکی سادەی موسڵمان بیری لێ ناکاتەوە.

*** وێڕای ئەو هەموو کارەسات و کاولکارییەی بەسەر گەلی کوردستاندا هاتووە لەسەر دەستی گەلانی تورك و عەرەب و فارس، کە هەر سێکیان بانگەشە بۆ ئیسلامەتی دەکەن، بەڵام گەلی کوردستان زیاتر پابەند بووە بە ئایینەکەی خۆیەوە، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە ئاستی تێگەیشتنی کورد بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەوە بەرزترە کە نەتەوەکانی دیکە دەیانەوێت بە زۆر فەرزی بکەن؟**

- گەلانی موسڵمانی (تورك و عەرەب و فارس) بێبەرین لەو کۆمەڵکوژی و کوشتارانەی حوکمڕان و سەرکردەو سەربازەکانیان دژی برا موسڵمانە کوردەکانیان ئەنجام داوە، حوکمڕانانی ئەوان زۆر هەوڵ دەدەن وا لە نەتەوەکانیان بگەیەنن کە ئێمە موسڵمان نین، زۆر لە زاناو مامۆستایان و حکومەتەکانی ئێمەش نەیانتوانیوە ئەو رۆڵە بگێڕن بۆ گەیاندنی راستییەکان و دەرخستنی تاوانەکانیان، تەنانەت لە ئاستی گفتوگۆ و پەیوەندییەکانیشیان لەگەڵ زانایان و مامۆستایانی ئایینیی ئەو نەتەوانەدا کەلێنێکی گەورە هەیە، وەکو لە سەرەتای قسەکانمدا ئاماژەم پێکرد، ئەو باجەی کورد داویەتی، کاریگەری نەکردووەتە سەر پابەندبوونی بە ئایینی ئیسلامی پیرۆزەوە، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە کورد ئایینێکی ئیسلامیی سەربەخۆی هەبێت، نە سەلەفی سعودییە و نە سۆفی تورکی و نە ئیخوانی میسری و نە مەزهەبیی ئێرانی و خۆیشی نابێت تووشی شەڕی مەزهەبیی سوننە و شیعە بکات.

**میللەتی کورد یەکێکە لەو میللەتانەی زۆرینەی موسڵمانە و مێژوو و توراسێکی دەوڵەمەندی لە ئایینی ئیسلام و مێژووەکەشیدا هەیە**

**کورد بە پێچەوانەی زۆر لە نەتەوەکانی دیکە هیچ کات ئایینی بۆ مەرام و مەبەستی دوور لە شەرعی خوا بۆ چەوسانەوەی میللەتانی دیکە و دژایەتی ئایین و ئایینزاکانی دی بەکار نەهێناوە**

**بۆ چەندین ساڵ «موفتی»ی یەک لە دوای یەکی عێراق، کورد بوون، وەکو شێخ ئەمجەد ئەلزەهاوی و مامۆستا عەبدولکەریم مودەڕیس و پڕۆفیسۆری ئەکادیمی و زانا و دکتۆری هاوچەرخ لە بواری زانستە شەرعییەکان و یاسا دکتۆر موستەفا زەڵمی (خودا لە هەموویان خۆش بێت)**

**هەموو شۆڕش و راپەڕینەکانی گەلی کورد لەلایەن سەرۆک و سەرکردەی موسڵمانەوە ئەنجام دراون و مامۆستای ئایینی و زانایانمان لە دەوریان کۆبوونەتەوە**



# داواکارییەک بۆ دامەزراندنی

# هەرێمی موسڵ





**د.بێوار خنسی**
**راوێژکاری ئاسایشی ئابووری پاراستنی هەرێمی کوردستان**
تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی کردووە

بەم دواییە لیژنەیەکی تایبەت لە نوێنەرانی پارێزگای نەینەوا بە سەرۆکایەتیی فارس جویجانی پێکهات، لیژنەکە سیمینارێکی لە هەولێر سازکرد و داوای لە حکومەتی فیدراڵ کرد کە دامەزراندنی هەرێمی موسڵ پەیڕەو بکات.

**● هەرێمی موسڵ:**

بەپێی راپۆرتی لیژنەکە، هەرێمی موسڵ لە شەش پارێزگا پێکدێت، ئەوانیش ((١- شنگال،٢- تەلەعفەر، ٣- دەشتی نەینەوا، ٤- باشووری موسڵ (حەمام عەلیل، گەیارە، حەزەر)،٥ - مەخموور، ٦-پارێزگای نەینەوا)).

ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی موسڵ نزیکەی ٣,٧ ملیۆن کەسە، کە فرەئەتنی و کولتوورو ئایین و عەشایرییە.

**● مێژووی داواکاریی دامەزراندنی هەرێمی موسڵ:**

دواداواکاری بۆ دامەزراندنی هەرێمی موسڵ کە چوارەمینە لە ساڵی ٢٠٠٨ بوو، کە داوا لە ئیدارەی پارێزگای نەینەوا کراوە، هاوکات لە ٢٠١٤ بەر لەوەی پارێزگاکە بکەوێتە دەست داعش جەختی لێکراوەتەوە، لە ٢٠١٦ دووبارە داواکراوەتەوە، ئەمەش دوای ئازادکردنی شارەکەو کۆنترۆڵکردنەوەی لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە.

**● بنەماکانی دامەزراندنی هەرێمی موسڵ:**

لیژنەی ئامادەکاری بۆ دامەزراندنی هەرێمی موسڵ پشتی بەم بنەمایانە بەستووە:

١- کۆکردنەوەی ٢./ی دەنگەکانی دانیشتووانی پارێزگاکە کە زۆربەیان ئەوانەن کە لە خێوەتگاکانی ئاواران نیشتەجێن کە ژمارەیان نزیکەی نیوملیۆن هاووڵاتییە.

٢- پشتبەستن بە ماددەکانی دەستووری عێراق(١١٩و ١١٨و ١١٧) وێڕای یاسای ژمارە ٣١ ی ساڵی ٢٠٠٨ تایبەت بە رێکارەکانی جێبەجێکردن بۆ پێکهێنانی هەرێمەکان لە عێراقدا.

٣- خاپووربوونی ژێرخانی پارێزگاکە (بەری راستی موسڵ) کە بۆتە ناوچەیەکی کارەساتبار و پێویستی بە ٥٠ ملیار دۆلار هەیە بۆ بنیاتنانەوەی، لەسایەی بوونی چەندین نووسینگەی ئابووری کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئیدارەی پارێزگاکەن و کۆنترۆڵی سەرجەم کایە

ئابوورییەکانیـان کـردووە لـە پارێزگاکـەدا.

٤- وەسـتانی چالاکیـی ئابووری لـە پارێزگای نەینەوا، لەسـایەی ئەو گەندەڵییەی کە بڵاوبۆتەوە و نائومێدیـی زیاتـری بە هاووڵاتیان بەخشـیوە کە ژیـان جارێکی دیکە وەك خـۆی لێ بێتەوە.

٥- بوونی بۆشـایی سیاسی و خراپ بەڕێوەبردن لـە پارێزگاکە و کۆنترۆڵکردنی زۆربەی کایەکانی ئیداریـی پارێزگاکـە و قەزاکانی لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبییەوە.

٦- تیـرۆرو هەڕەشـە لـە ئەگـەری جارێکـی دیکـەی داگیرکردنـی هەنـدێ ناوچەی شـارەکە لەلایـەن داعشـەوە.

٧- بەقاچاخبردنـی نەوتـی خـاو لـە هەنـدێ کێڵگـەی نـەوت لـە گەیـارە.

٨- لاوازیـی ئیـدارەی حکومەتـی فیـدراڵ لە گەڕاندنــەوەی دەســەڵاتی یاسـا، بووەتـە هـۆی نەبوونـی ئیدارەی یاسـایی لە چەند شـارۆچکە و شـارەدێی نەینـەوا، لەوانە شـنگال.

٩- دەسـتتێوەردانی ڕاسـتەوخۆو ناڕاسـتەوخۆ لەلایـەن هێزەکانـی لۆکاڵـی و ئیقلیمـی لـە پارێـزگای نەینـەوا.

١٠- لاوازیـی دەسـەڵاتی هێزەکانـی عێـراق بەسـەر سـنوورەکانی پارێزگای نەینـەوادا لەگەڵ سـووریا، ئەمـە لەلایـەك و لەلایەکی دیکەشـەوە، بوونـی هێزی جۆراوجۆر و میلیشـیای نایاسـایی کـە کۆنترۆڵـی پارێزگاکەیـان کـردووە لەوانـەش (حەشدی شەعبی، حەشـدی عەشایری، حەشدی خۆجێیـی و...تاد).

١١- بوونـی ناوچەگەلێکـی جیاکـەرەوەو چۆڵ لەنێـوان هێزەکانـی سـوپای عێراق و پێشـمەرگە، ئەمــەش بۆتــە هۆی ئــەوەی کە تیرۆریســتان ئەم ناوچانــە بە هــەل بزانن بــۆ ئــەوەی مۆڵگەکانیان لـێ قایم بکـەن، ئەمەیـان بۆتـە بارگرانییەك بۆ گێڕانـەوەی کۆچبارو ئـاوارەکان بـۆ ناوچەکانیان و پێشکەشـکردنی خزمەتگـوزاری بـۆ ئـەو هاووڵاتییانە.

١٢- نزیکـەی ٣,٥٪ی یەدەگـی نەوتی عێراق لـە پارێـزگای نەینەوایـە، لەپـاڵ بوونـی ٦٠ پێکهاتـەی جیۆلۆجـی کـە بریتیـن لـە کێڵگەی دۆزراوەو نـەدۆزراوەی نـەوت و غـاز، سـەرباری بوونی دو پاڵاوتگەی نـەوت، هاوکات تێپەڕبوونی هێڵـی کەرکوك-جەیهـان بـە پارێزگاکـەدا بـۆ تورکیـا، هەروەها پارێـزگای نەینەوا بە سـامانی دیکەی سرووشـتی دەوڵەمەندە، کـە بنەمایەکە بۆ پەرەپێدان و پەرەسـەندنی پیشەسـازیی هەمەجۆری بیناسـازی لـە پارێزگاکەدا، وێـڕای بوونی هێڵی ئاسـن کە عێراق بە سـووریا و تورکیا دەبەستێتەوە، لەگـەڵ بوونـی خاڵەکانی گومـرگ و بازرگانی لـە سـنووری پارێزگاکە لەگەڵ سـووریا.

**● هەڵوێسـتی حکومەتـی عێـراق لەبەرامبـەر پـرۆژەی دامەزراندنـی هەرێمـی موسـڵ:**

١- کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق پرۆژەی دامەزراندنـی هەرێمـی موسڵی ڕەتکردەوە.

٢- نەبوونی شەفافییەت لەم پرۆژەیەدا.

٣- حکومەتـی فیـدراڵ لیژنەیەکـی تایبەتـی نـارد بـۆ ئاگاداربـوون لـە ڕەوشـی پارێـزگای نەینـەوا، کە تائێسـتا نەیتوانیـوە وێنەیەکی دیارو ڕوونـی پارێزگاکە دەستنیشـان بـکات، بۆ ئەوەی ڕێـکاری پێویسـت بگرێتەبـەر بـە مەبەسـتی گەڕاندنـەوەی دەسـەڵات بـۆ پارێزگاکـە.

٤- ئەنجومەنـی نوێنەرانـی عێـراق لیژنەیەکی تایبەتـی ڕەوانەی پارێزگاکە کرد بـۆ ئاگاداربوون لـە واقیعـی پارێزگاکە لە هەمـوو ڕوویەکەوە.

٥- لیژنـەی دامەزراندنـی هەرێمـی نەینـەوا دواکارییەکـەی بـۆ دادگای فیدراڵ نـارد، دوای ئەوەی کە کۆمیسـیۆنی هەڵبژاردنەکان داواکاریی لیژنەکـەی ڕەتکـردەوە، هەروەهـا دواکەوتنـی هەڵوێسـتی حکومەتـی فیـدراڵ و هەڵوێسـتی پەرلەمان لـە بەدەنگەوەهاتنـی داواکاریی لیژنەکە و دانیشـتووانی پارێزگاکە بەشـێوەیەکی گشتی و دانیشـتووانی خێوەتگاکانی ئـاواران بەتایبەتی کە کەمتریـن بنەماکانـی ژیانیـان تێدایە.

**● بنەماکانـی لاوازی و مەترسـییەکان لـە پـرۆژەی دامەزراندنـی هەرێمـی موسـڵ:**

١- نەبوونـی ئاسـایش و سـەقامگیری لـە پارێزگاکـە لەسـایەی بوونـی هێـزی دەسەڵاتدار(حەشـدی شـەعبی بەسـەر زۆربـەی دامـەزراوە ئەمنـی و ئیـداری و سـەربازی و ئابوورییـەکان لـە پارێزگاکـەدا).

٢- ناکرێـت هەرێم دابمەزرێت لە ڕووی یاسـایی و ئیدارییـەوە بەبـێ ڕەزامەندیـی هاووڵاتیانـی پێـش دامەزراندنـی شـەش پارێزگاکـە کـە لـە پرۆژەکەی لیژنەی دامەزراندنی هەرێمی موسـڵ ڕاگەیاندراوە.

لاوازیی ئیدارەی حکومەتی فیدراڵ لە گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی یاسا، بووەتە هۆی نەبوونی ئیدارەی یاسایی لە چەند شارۆچکە و شارەدێی نەینەوا، لەوانە شنگال

بوونی ناوچەگەلێکی جیاکەرەوەو چۆڵ لەنێوان هێزەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە تیرۆریستان ئەم ناوچانە بە هەل بزانن بۆ ئەوەی مۆڵگەکانیان لێ قایم بکەن

٣- هەندێ شارۆچکەی وەك (ئاکرێ، بەردەڕەش، شێخان، مەخموور) کە لەئێستادا لە چوارچێوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستاندان، بخرێنەسەر سنووری هەرێمی موسڵ، پێش ئەوەی ئەم بابەتە بخرێتە بەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەکانی یاسایی و دادوەری، وێڕای پشتگوێخستنی راوبۆچوونی دانیشتووانی ئەو شارۆچکانە دەربارەی ئەم بابەتە.

٤- گرتنەبەری داواکاریی هەرێمی موسڵ هەوڵێکە بۆ لەباربردنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لە پارێزگاکانی نەینەواو هەولێرو دهۆك.

٥- لاوازکردنی هەرێمی کوردستان لە رووی ئابووری و کشتوکاڵییەوە، چونکە دامەزراندنی هەرێمی موسڵ سەردەکێشێت بۆ ئەوەی کە موسڵ داوای کێڵگەکانی نەوت و غاز بکات کە دەکەونە شارۆچکەکانی مەخموور و شێخان و ئاکرێ و بەردەڕەش بە حوکمی ئەوەی ئەو کێڵگانە لە رووی ئیدارییەوە دەکەونە سنووری ئەو شارۆچکەو شارەدێیانە کە لە رووی ئیدارییەوە خراونەتە نێو پرۆژەی دامەزراندنی هەرێمی موسڵ.

٦- لەوەش مەترسیدارتر، هێڵی بۆریی نەوتی کوردستان بەو شارۆچکە کوردییانەدا تێدەپەڕێت، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە هێڵی بۆریی نەوتی کوردستان کە هێڵێکی ئابووری و زیندووی حکومەتی هەرێمە بکەوێتە ژێر رەحمەتی ئیدارەی هەرێمی موسڵ.

٧- دامەزراندنی هەرێمی موسڵ پێش جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و گەڕاندنەوەی ناوچە کوردییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان گەورەترین و مەترسیدارترین هەڕەشەیە بۆ سەر ئایندەی هەرێمی کوردستان.

٨- گرتنەبەری بیرۆکەی دامەزراندنی هەرێمی موسڵ لەم هەلومەرجەی ئێستادا، دەبێتەهۆی لەدەستدانی تەواوی پارێزگاکە، ئەمەش کاریگەری و لێکەوتەی خراپی دەبێت بۆ دانیشتووان، هەروەها بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**● چارەسەرو پێشنیارەکان:**

١- رێکخستنی هەوڵەکان لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ و لایەنە ئیدارییەکانی نەینەوا لە رووی بەسەرکردنەوەی واقیعی پارێزگاکە لە هەموو روویەکەوە، بە مەبەستی کێشانی نەخشەرێگایەك بە شێوەیەکی روون، کە چوارچێوەیەکی کاتی تێدا دەستنیشان بکرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی رووبەڕووی دانیشتووانی پارێزگاکە دەبنەوە.

٢- پێکهێنانی ئیدارەیەکی دروست و بەهێز (حکومەتێکی کاتی) پێش هەموو شتێك جەخت بکاتەوە لەسەر گەڕاندنەوەی ئاسایش و سەقامگیری، هەروەها پشتیوانیکردنی ئاوارەکانی پارێزگاکە کە لە خێوەتگاکاندان، تا ئەو کاتەی ساکارترین پێویستییەکانی ژیانیان بۆ دابین دەکرێت لە نەینەوا و شارۆچکەکان، هاوکات کارکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە لەپێناو هێنانەکایەی دەسەڵاتێکی میللی و یاسایی و دەستووری، بە مەبەستی پێکهێنانی دامەزراوەکانی نێودەوڵەتیی و یاسایی و دادوەری و ئیداری کە لەگەڵ چەمکی دەوڵەتی فیدراڵیدا بگونجێت.

٣- هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان ئیدارەی خۆجێیی پارێزگاکەو شارۆچکەکانیدا لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و رێکخراوە بیانییەکان و هێزەکانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ئاستەنگن بۆ بنیاتنانی دامەزراوە تایبەتمەندەکان، هەروەها ئەوانەی دێنە بەردەم دانیشتووانی پارێزگاکە.

٤- دیاریکردنی داهاتە داراییەکان و خەرجکردنی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و روون لە هەموو بوارەکانی ژیان لە پارێزگاکەو شارۆچکەکانیدا.

٥- پێکهێنانی لیژنەی نەهێشتنی گەندەڵی بۆ گەڕان بەدوای ئەو پارەیەی کە بە ١٢ ملیار دۆلار دەخەمڵێنرێت کە لە ساڵانی رابردوودا بۆ پارێزگای نەینەوا خەرجکراوە.

٦- سازکردنی سیمیناری زانستی و ئابووری و سیاسی و ئیداری و کولتووری و ئایینی ئیتنی و ئەمنی و سەربازی لە هەموو پارێزگاکەدا بۆ دیاریکردنی نەخشەو وێنەیەك بۆ پارێزگاکەو بە هۆیەوە بارودۆخەکە چارەسەربکرێت بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندی و داواکارییەکانی هاووڵاتیانی شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگای نەینەوا.

**دامەزراندنی هەرێمی موسڵ پێش جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و گەڕاندنەوەی ناوچە کوردییەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان گەورەترین و مەترسیدارترین هەڕەشەیە بۆ سەر ئایندەی هەرێمی کوردستان**

**پێویستە لیژنەی نەهێشتنی گەندەڵی پێکبهێندرێت، بۆ گەڕان بەدوای ئەو پارەیەی کە بە ١٢ ملیار دۆلار دەخەمڵێنرێت، کە لە ساڵانی رابردوودا بۆ پارێزگای نەینەوا خەرجکراوە**



رۆبەرت ستیۆارت
بەڕێوەبەری سکووڵی سکریپس لە بواری رۆژنامەگەری بۆ گوڵان:

# هەندێ جار تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بابەتی هاوشێوەی هەواڵ بڵاودەکەنەوە و ناڕوونییەکی زۆر دروست دەکەن

# دیمانەی تایبەت

**رۆبەرت ستێوارت بەڕێوەبەری سکووڵی سکریپسە بۆ رۆژنامەگەری لە زانکۆی ئۆهایۆ، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگی رۆژنامەگەرییە، وەك هەواڵەکانی تەلەفزیۆن، پەروەردەی پەیوەست بە بواری رۆژنامەگەری، رۆژنامەگەریی ئەلیکترۆنی. پێشتریش وانەبێژی بواری رۆژنامەگەری بووە لە زانکۆی واشنتۆن و لیپزیگ و لە چەندین دەزگای راگەیاندن لەوانەش هەر دوو بواری (بینراو و بیستراو) کاری کردووە. سەبارەت بە پیشەی رۆژنامەگەری و ئەو دژواری و گۆڕانکارییانەی رووبەڕووی ئەم پیشەیە دەبنەوە، چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار بەم بوارە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا.**

*** وەك کەسێکی شارەزا و تایبەتمەند لە بواری رۆژنامەگەریدا، لە ئێستادا چۆن لە دۆخی کاری رۆژنامەگەری دەڕوانیت و چ هەڵسەنگاندنێکت بۆ ئەو دژواری و دەرفەتانەی هاتوونەتە بەردەم ئەم پیشەیە هەیە؟**

- ئەگەر ئێمە لە تەحەددی و دژوارییەکانی بڕوانین، ئەوا بە دید و تێڕوانینی من، دەکرێت ئاماژە بە دوو تەحەددیی سەرەکی بدەین، یەکەمیان بریتییە لە بیروبۆچوونی خەڵکی، یان ئەوەی پێی دەوترێت رای گشتی لەبارەی رۆژنامەگەرییەوە، تەحەددی دووەمیان پەیوەستە بە ئاسایشی ئابووریی دەزگا و دامەزراوەکانی راگەیاندن و رۆژنامەگەرییەوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە پرسی میسداقییەتەوە، ئەوا رەخنەیەکی زۆر دەگیرێت لە کاری رۆژنامەگەری، لەنێویاندا ئەو رەخنانەی کە سەرۆکی ئەمریکا لە کاری راگەیاندن و رۆژنامەگەریی دەگرێت، جگە لەوە کەسانێکی دیکەش هەن کە هاوڕان لەگەڵ ئەم رەخنانەدا. کەواتە لە ئێستادا دۆخێك هاتۆتەئاراوە کە بە ئاسانی بتوانرێت رەخنە لە رۆژنامەکان بگیرێت، بەتایبەتی ئەگەر هەواڵ و بابەتێك بڵاو بکەنەوە کە تۆ خوازیاری نەبێت. واتە ئەگەر رۆژنامەکان لەبارەی ئەو سیاسەتمەدارانەی تۆ پشتیوانییان لێ دەکەیت، بابەتێکی رەخنەییان بڵاوکردەوە، ئەوا بە ئاسانی دەتوانی رەخنەیان لێ بگریت

*** ئاماژەت بەوە کرد کە ئێستا رۆژنامەگەری و راگەیاندن رووبەڕووی رەخنە و هێرشکردن دەبنەوە، بەتایبەتی لەلایەن سەرۆکی ئەمریکاوە، لێکدانەوەی ئێوە بۆ ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی سەرۆك ترەمپ لەگەڵ رۆژنامەنووساندا چییە؟**

- من پێموایە ترەمپ دەیەوێت لایەنگر و پشتیوانەکانی سەرنجی ئەو بابەتە رەخنەییانە نەدەن کە رۆژنامە و راگەیاندنەکان لەبارەی ئەوەوە

**ترەمپ دەیەوێت لایەنگر و پشتیوانەکانی سەرنجی ئەو بابەتە رەخنەییانە نەدەن کە رۆژنامە و راگەیاندنەکان لەبارەی ئەوەوە بڵاوی دەکەنەوە**

بـڵاوی دەکەنـەوە، واتـە دەیەوێـت پشـتیوانەکانی بـاوەڕ بـە بابەتـە رەخنەییـەکان نەکـەن، لـە دەرئەنجامیشـدا دەبینیـن زۆرێـك لـە لایەنگرەکانـی بـاوەڕ بـەوە دەکـەن، کـە ترەمـپ خـۆی بـڵاوی دەکاتـەوە و ئـەو بابەتـە رەخنەییانـەش کـە لەبـارەی سـەرۆکە خوازراوەکەیـان (ترەمـپ) بـڵاو دەبنـەوە، بـە هەواڵـی سـاختە و ناڕاسـتیان دەزانـن. بـەڵام پرسـیارە گەورەکـە ئەوەیـە، ئەگـەر بـەردەوام بابەتـە رەخنەییەکانیـان بخرێنـە بەردەسـت، ئایـا وردە وردە باوەڕیـان پێدەکەن، یـان بـەردەوام پشـتگوێیان دەخەن؟

*** پێتوایـە ئـەم تەحـەددی و دژوارییانـە کاریگەرییـان لـەوەدا رەنگیداوەتـەوە، کـە چیتـر رۆژنامەگەریـی تەقلیـدی نەتوانێـت رۆڵـی خـۆی وەك چاودێرێـك بەسـەر کار و ئـەدای لایەنـە حکومییەکانـەوە ببینێـت؟**

- پێموایـە دەزگا رۆژنامەگەرییـە گـەورەکان وەك چاودێرێك دەتوانـن بـەردەوام بـن لـە بینینـی رۆڵـی خۆیـان، سـەرەڕای ئـەوەی رووبـەڕووی رەخنـەی سیاسـەتمەدارانیش بوونەتـەوە. مەبەسـتم ئەوەیـە ئـەم دەزگا گەورانـەی رۆژنامەگـەری ژمارەیـەك رۆژنامەنووسـیان هەیـە و متمانـەی زۆریشـیان بـە خۆیـان هەیـە لـەو کارەی ئەنجامـی دەدەن. لـەم رووەوە پێموایـە دەزگا بچووکـەکان پێگەیەکـی پتـر لاوازیـان هەیـە و ئەگـەری ئـەوە هەیـە، رووبـەڕووی هێـرش و رەخنـە ببنـەوە.

*** چـۆن لـە کاریگەریـی بڵاوبوونـەوەی زانیارییەکـی زۆر لەسـەر تۆڕەکانـی ئەنتەرنێـت دەڕوانیـت، ئایـا ئـەم پرسـە چ کاریگەرییەکـی نەرێنـی دەکاتەسـەر کاری رۆژنامەگەریـی تەقلیـدی؟**

- ئەنتەرنێـت چەکێکـی دووسـەرەیە، چونکـە لەلایـەك دەرفـەت دەڕەخسـێنێت بـۆ ئـەوەی هاووڵاتییـان بتوانـن بۆچـوون و پەیامـی خۆیـان بگەیەنـن، کـە ئەمـە لـە رۆژگاری پێش ئەنتەرنێتدا کارێکـی قـورس بـوو. کەواتـە لـە ئێسـتادا هاووڵاتییـان مایکرۆفۆنێکـی گەورەیـان هەیـە، هەروەها ئـەو دەزگایانـەش کە رەخنـە لە راگەیاندن دەگرن، ئەوانیـش مایکرۆفۆنێکی گەورەیان هەیـە، کـە پێشـتر تەنیـا راگەیاندنـەکان هەیانبـوو.

*** لـە ئێسـتادا بـۆ بڵاوکردنـەوە و گەیاندنـی بیروبۆچوونـەکان، وەك تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان (سۆشـیاڵ میدیـا) ئامـرازی دیکـە دروسـت بـوون، ئایـا ئـەم تۆڕانـە دەتوانـن هاوچەشـنی رۆژنامەگـەری تەقلیـدی رۆڵ ببینـن؟**

-ئـەوەی بـەدی دەکرێـت ئەوەیـە، کـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بـەکار دەهێنرێـن بـۆ گفتوگـۆ و مشـتومڕ و هاوارکـردن بـە دەنگێکـی بڵنـد، واتـە ئێسـتا هەمـووان وەك یـەك دەرفەتـی یەکسـانیان هەیـە، ئەوەتـا دەزگا گەورەکانـی رۆژنامەگـەری و راگەیانـدن ئـەم تۆڕانـە بـەکار دەهێنـن، بـە هەمـان شـێوە نەیـار و رەخنەگرەکانـی رۆژنامەگەرییـش بەکاریـان دەهێنـن.

*** حاڵەتێکی دیکـە کـە بـەدی دەکرێت بریتییـە لـە چەمکـی «فەیـك نیـوز»، یـان بڵاوبوونـەوەی هەواڵی ناڕاست و ساختەیە بە ئامانجی شێواندن و دروسـتکردنی دۆخێکـی نادڵنیایـی و بـێ متمانەیی، سـەرنجتان سـەبارەت بـەم پرسـە چییـە؟**

- ئـەوە راسـتە کـە ئێسـتا چەمکـی هەواڵـی سـاختە و ناڕاسـت بـڵاو بۆتـەوە، بـەڵام پێویسـتە ئێمـە ئـەوە بزانیـن کـە تەنانـەت دەزگا راگەیاندنـە گەورەکانیـش هەڵـە دەکـەن، لەگـەڵ ئەوەشدا ئـەوان هەمیشـە هەڵەکانـی خۆیـان راسـت دەکەنـەوە، لێـرەدا دەمەوێـت ئـەوە بڵێم کـە ئەگـەر دەزگاکانـی رۆژنامەگـەری و راگەیانـدن هەڵەکانـی خۆیـان راسـت بکەنـەوە، ئـەوا چیـدی ناتوانیـن بـەم هەڵانـە بڵێیـن هەواڵـی ناڕاسـت و سـاختە، چونکـە هەڵەیـەك کـراوە و راسـت کراوەتـەوە. بـەڵام پێموایـە مەترسـییە گەورەکـە لەوەدایـە، کـە کەسـانێك هـەن ئـەم تۆڕانـە بـەکار دەهێنـن بـۆ بڵاوکردنـەوەی ئـەوەی لـە هـەواڵ دەچێـت، یـان هەنـدێ لـە خەسـڵەتەکانی هەواڵیـان تێدایـە، کـە سەرلێشـواندن و ناڕوونییـەك دروسـت دەکات. ئێمـەش دەزانیـن کـە یەکێك لـە تەحەددییەکانـی پەیوەست بـە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان ئەوەیـە کـە خەڵکانێکـی زۆر ئـەم هەواڵانـە لای خۆیـان بڵاودەکەنـەوە، ئەگـەر هـات و هـاوڕا بـوون لەگەڵیـدا، تەنانـەت ئەگـەر لـە بنەڕەتیشـدا هەواڵێکی راست نەبێت، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا دەیانەوێـت بـاوەڕی پـێ بکـەن و بـڵاوی دەکەنـەوە و کەسانی دیکـەش کە هاوڕان لەگەڵیدا، ئەوانیـش بـڵاوی دەکەنـەوە.

*** پێتوایە پێویستە لەم بارەیەوە چی بکرێت؟**

- پێموایـە دەبێت پتر جەخت لەسـەر ئەنجامدانـی ئـەو رۆژنامەگەرییـە بکەینـەوە، کـە بـە دوای راسـتیی هەواڵەکانەوەیـە، بەوشـێوەیە دەتوانیـن متمانـە بە دەست بهێنینـەوە، بەڵام ئەگـەر خەڵکی متمانەیـان بـە رۆژنامـەکان نەکـرد، تەنیـا لەبـەر

**هەلومەرجی ئێستا پێویستی بە رۆژنامە تەقلیدییەکە هەیە، کە رۆڵی چاودێریکردن ببینێت و پابەند بێت بەوەی هەواڵی تەواو راست و دروست بلاو بکاتەوە**

**ئەگەر دەزگاکانی رۆژنامەگەری و راگەیاندن هەڵەکانی خۆیان راست بکەنەوە، ئەوا چیدی ناتوانین بەم هەلانە بڵێین هەواڵی ناڕاست و ساختە**

ئەوەی کە رەخنە لەو سیاسەتمەدارانە دەگرن کە ئەمان پشتیوانییان لێ دەکەن، ئەوا خۆی لە خۆیدا ئەمە کێشەیەکی گەورەیە.

*** ئایا دەکرێت بڵێین لە ئێستادا رۆژنامەگەریی تەقلیدی رووبەڕووی تەنگژەیەکی وا بۆتەوە، کە خەڵکی بە متمانەییەکی کەمترەوە لە کارەکانیان بڕوانن؟**

- ئەگەر ئێمە باسی کۆمەڵگەی ئەمریکی بکەین، ئەوا ئەم کۆمەڵگەیە بەسەر سێ لایەندا دابەش بووە، لایەنێکیان زۆر دڵسۆزن بۆ سەرۆك دۆناڵد ترەمپ، کە نزیکەی لە سەتا ٣٥ی خەڵکی وڵاتەکە دەبن، نزیکەی هەمان رێژەش لە ئاست ترەمپ دیدگایەکی زۆر رەخنەگرانەیان هەیە، لایەنی سێیەمیش لەو نێوەندەدان، کە هەر یەکێك لە دوو لایەنەکەی پێشوو هەوڵ دەدەن ئەم لایەنە بەلای خۆیاندا رابکێشن. لەم روانگەیەوە ئەوانەی کە پشتیوانی لە کاری رۆژنامەگەری دەکەن، لە ئاست ئەو هەڵانەی دەکرێن گیانی لێخۆشبوونیان هەیە، چونکە متمانەیەکی زۆریان بە راگەیاندن هەیە، ئەوانەی لە نێوەندیشدان پێیانوایە هەندێ جار راگەیاندنەکان بە لووتبەرزییەوە مامەڵە دەکەن و شایستەی ئەوەن جار بە جار رووبەڕووی تیری رەخنە ببنەوە، ئەوانەش کە پشتیوانیی ترەمپ دەکەن پێیانوایە راگەیاندن هیچ شتێکی راست بڵاو ناکاتەوە. کەواتە پێویستە راگەیاندن کار لەسەر گرووپی نێوەند بکات و قەناعەتیان پێ بکات، کە کاری ئەوان شایستەی متمانەپێکردنە و ئەوان پابەندن بە بڵاوکردنەوەی راستییەکانەوە. دواتر من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە خەڵکی زیاتر خوازیاری ئەوەن هەواڵی خۆشیان پێ بدرێت، نەك هەواڵی ناخۆش، کە ئێمەش دەزانین رۆژنامەنووسان لەبەر ئەوەی بە زۆری هەواڵی ناخۆش بڵاو دەکەنەوە، جەماوەرێکی زۆریان نییە.

*** ئەی چۆن لە کاریگەرییە نەرێنییەکانی دۆخی ئێستای رۆژنامەگەری و راگەیاندن، لەسەر دیموکراسی دەڕوانیت، بەتایبەتی لە وڵاتی ئەمریکا؟**

- قسەیەك هەیە کە دەڵێت، ئەگەر هەقیقەتەکان بخرێنە بەردەستی خەڵك، ئەوا باوەڕیان پێ دەکەن، لەم روانگەیەوە پێموایە لە ئێستادا دەزگاکانی راگەیاندن سەرقاڵن بە کۆکردنەوەی راستییەکانەوە، راستە هەندێ جار هەڵە دەکەن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کۆششی زۆر سەخت دەکەن، بە تایبەتی ئەوەی پێی دەوترێت (رۆژنامەگەری لێکۆڵینەوە)، ئێمە دەزانین ئەم جۆرە رۆژنامەگەرییە سەرچاوە و داهاتێکی زۆری پێویستە و پرسیارەکەش ئەوەیە، ئایا ئەو داهاتە لەبەردەستدایە، بەتایبەتی کاتێك دەبینین داهاتی بانگەشە بازرگانییەکان دەچێت بۆ فەیسبووك، یان تویتەر، یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە.

*** ئایا هەلومەرجی ئێستا چ جۆرە رۆژنامەگەرییەکی پێویستە؟**

- بە تێڕوانینی من هەلومەرجی ئێستا پێویستی بە رۆژنامە تەقلیدییەکە هەیە، کە رۆڵی چاودێریکردن ببینێت و پابەند بێت بەوەی کە هەواڵی تەواو راست و دروست بڵاو بکاتەوە، واتە زۆر پەرۆش و نیگەرانی ئەوە نەبن کە بەپەلە هەواڵەکە بڵاو بکەنەوە، بەڵکو پێویستە دڵنیابن لە راست و دروستیی ئەوەی بڵاوی دەکەنەوە. چونکە پێموایە هەڵە گەورەکە لەم رووەوە ئەوەیە، کە ئەم دەزگایانە زۆر خەمی ئەوەیان بێت کە پەلە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵەکە بکەن، یان بیانەوێت یەکەم لایەن بن کە بڵاوی دەکەنەوە، لەم رووەوە ئەو مەترسییەش دروست دەبێت کە میسداقییەتی رۆژنامەگەری لە تێڕوانینی رای گشتیدا دابەزێ، کەواتە دەبێت رۆژنامەگەری زۆر وریا بێت. لەلایەکی دیکەوە بەهۆی زۆریی دەزگاکانی راگەیاندن و رۆژنامەگەرییەوە، ململانێ زیاتر بووە و ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی لە ئەنجامی ئەو ململانێیەوە دەزگاکانی راگەیاندن هەڵەی زیاتر بکەن.

*** کەواتە ئەگەر رۆژنامەگەری بەم ئاراستەیە کار بکات کە ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن، ئایا دەتوانێت بەردەوام بێت و گەشە بکات؟**

- دەکرێت ئێمە لەم رووەوە ئاماژە بە هەردوو رۆژنامەی واشنتۆن پۆست و نیویۆرك تایمز بکەین، کە ئاشکرایە ئەم دوو رۆژنامەیە سەرکەوتوون و داهاتێکی زۆر بەدەست دەهێنن، لەبەر ئەوە من پێشبینی دەکەم کە ئەوان نووسینگەی زیاتر لە وڵاتەکە و لە جیهانیشدا بکەنەوە، ئەگەر ئەم کارەش بکەن، ئەوا واشنتۆن پۆست هاوشێوەی سی ساڵ پێش ئێستا دەبێت. کەواتە سەرکەوتنی ئەم دوو رۆژنامە گەورەیە لە رووی بەدەستهێنانی داهاتەوە دەبێتەهۆی ئەوەی زیاتر بەهێز بن. بەڵام من نیگەرانم لەبارەی دەزگاکانی دیکەوە کە بچووکترن، کە نازانین پاشەڕۆژیان چی دەبێت.

**دەزگا رۆژنامەگەرییە گەورەکان وەک چاودێرێک دەتوانن بەردەوام بن لە بینینی رۆڵی خۆیان، سەرەڕای ئەوەی رووبەرووی رەخنەی سیاسەتمەدارانیش بوونەتەوە**

**مەترسییە گەورەکە لەوەدایە کەسانێک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنن بۆ بڵاوکردنەوەی ئەوەی لە هەواڵ دەچێت، یان هەندێ لە خەسڵەتەکانی هەواڵیان تێدایە، ئەوەش سەرلێشواندن و ناڕوونی دروست دەکات**



**رۆزێنتاڵ ئەلڤێز**

پرۆفیسۆری ڕۆژنامەگەری بۆ گوڵان:

# ڕۆژنامەگەری بە دەست کێشە و قەیرانی متمانە و میسداقییەتەوە دەناڵێنێت

# دیمانەی تایبەت

**ڕۆزێنتاڵ ئەلڤێز ڕۆژنامەنووسێکی پرۆفیشناڵە و خاوەنی ٢٧ ساڵ ئەزمونی کاری ڕۆژنامەگەرییە لە وڵاتانی ئەمریکا و مەکسیك و بەڕازیل و ئەرجەنتین، لە هەمان کاتدا پرۆفیسۆری بواری ڕۆژنامەگەرییە لە زانکۆی تێکساس لە ئۆستن و لەم ڕووەوە ئەزموونی ٢١ ساڵەی هەیە و پێشتریش وانەبێژی هەمان بوار بووە لە زانکۆکانی فلۆمێنەنسی فیدراڵی و گاما فیلهۆ لە ریودو جانیرۆ. بۆ شرۆڤەکردن و هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو تەحەددی و دژوارییانەی لە ڕۆژگاری ئێستادا ڕووبەڕووی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی تەقلیدی بۆتەوە، لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەی لە ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریدا هاتوونەتەئاراوە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا.**

*** وەك کەسێکی شارەزای بواری ڕۆژنامەگەری ئایا گرنگترین و دژوارترینی ئەو تەحەددییانە چین کە لە ئێستادا ڕووبەڕووی کاری ڕۆژنامەگەری دەبنەوە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە ئێمە لە ڕۆژگاری شۆڕشی دیجیتاڵیدا دەژین، شۆڕشی دیجیتاڵیش-یان ئەوەی هەندێ کەس پێی دەڵێن شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی- گۆڕانکاریی ریشەیی و بنەڕەتی بەسەر زۆرێك لە بوارەکانی ژیانی مرۆییدا هێناوە. ئەوەی پەیوەندی بە بواری ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنیشەوە هەبێت، ئەوا ئەم شۆڕشە کاریگەریی بەهێزی دروست کردووە لەسەر ئەم بوارە. واتە ئێمە لە ڕاگەیاندنی قۆناغی پیشەسازییەوە هەنگاو هەڵدەگرین و پێ دەنێینە نێو ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری قۆناغی دیجتیاڵییەوە، مەبەستم ئەوەیە ڕۆژگاری ئێستا زۆر جیاواز لە سەردەمی پێش خۆی. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانم بڵێم ئێمە لە هەلومەرجێکدا دەژین کە ئاڵوگۆڕ و پشێوی باڵیان بەسەردا کێشاوە، ئەمە حاڵەتێکی ئاساییە، بەتایبەتی کە ئەم هەلومەرجە زادە و دەرهاویشتەی شۆڕشێکە کە لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژییەوە سەرچاوەی گرتووە. کەواتە من پێموایە ڕۆژنامەگەری بەردەوام دەبێت و بگرە بەرەوپێشیش دەچێت، بەڵام بە شێواز و ڕێگایەکی جیاوازتر.

*** تاچەند ڕۆڵی ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی گۆڕانکارییەکی ریشەیی بەسەردا هاتووە؟**

- ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی لە گۆڕانکاریدایە، بەڵام تا ئێستا گۆڕانکارییەکی تەواوەتی بەسەردا نەهاتووە، دواتر پێموایە کێشەی بنەڕەتیی ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی بریتییە لە لەناوچوونی مۆدێلە ئابوورییەکەی، واتە شێوازی دەستەبەرکردنی دارایی بۆ ڕۆژنامەگەری لە

**کێشەی بنەڕەتیی ڕۆژنامەگەری تەقلیدی بریتییە لە لەناوچوونی مۆدێلە ئابوورییەکەی، واتە شێوازی دەستەبەرکردنی دارایی بۆ ڕۆژنامەگەری لە قۆناغی پیشەسازیدا چیتر بۆ ئەم سەردەمە سەرکەوتوو نییە**

**ئێستا گوگڵ و فەیسبووک بە تەواوەتی بواری بانگەشەی بازرگانییان گۆڕیوە و ئێستا دۆخەکە پتر لە بەرژەوەندیی ئەم لایەنانەیە- فەیسبووک و گوگڵ و هتد- نەک دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی ئەم دەزگایانە داهاتێکی کەم بەدەست بهێنن**

قۆناغی پیشەسازیدا چیتر بۆ ئەم سەردەمە سەرکەوتوو نییە. زۆرێك لە ڕۆژنامەگەری لە سەردەم و قۆناغی پیشەسازیدا لە ڕێی بانگەشە بازرگانییەکانەوە سەرچاوەی دارایی خۆیان دەستەبەر دەکرد. بەڵام ئێستا گوگڵ و فەیسبووك بە تەواوەتی بواری بانگەشەی بازرگانییان گۆڕیوە و ئێستا دۆخەکە پتر لە بەرژەوەندیی ئەم لایەنانەیە- فەیسبووك و گوگڵ و هتد- نەك دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی ئەم دەزگایانە داهاتێکی کەم بەدەست بهێنن لە ڕێی بانگەشەی بازرگانییەوە. زەقترین کاریگەریی ئەم حاڵەتەش لە ئەمریکا ئەوەیە کە ڕۆژنامەگەری لە سەرتاسەری وڵاتەکەدا بەرەو داکشان دەچێت.

*** ئەی کاریگەریی ئەو شەپۆلە گەورەیەی زانیاری لە ڕێی تۆڕی ئەنتەرنێت، هەروەها بڵاوبوونەوەی زانیاریی ناڕاست و ساختە لەسەر بواری ڕاگەیاندن و کاری ڕۆژنامەگەری چییە؟**

- کێشەکە ئەوەیە کاتێك سەدەیەك پێش ئێستا ئێمە لە ئاسۆدا دەرکەوتنی شۆڕشی دیجیتاڵیمان بەدی دەکرد، کە زۆربەمان گەشبین بووین و باوەڕمان وابوو کە شۆڕشی دیجیتاڵی دەبێتەهۆی تواناداركردنی هەمووان و لە بنەڕەتدا هەموو کەسێك دەتوانێت ببێتە خاوەنی دەزگای ڕاگەیاندنی تایبەت بە خۆی و هەموو کەس دەتوانێت پیشەی ڕۆژنامەگەری مومارەسە بکات، کە پێمانوابوو ئەمەش دەرئەنجامێکی ئەرێنییە. بەڵام لە واقیعدا ئەمە لە زۆر ڕووەوە کاریگەریی خراپی لێکەوتەوە، وەك ئەو پڕوپاگەندە و زانیارییە ناڕاستانەی بڵاو دەبنەوە- بەهۆی ئەم دۆخە نوێیەوە- کە کێشەکەش ئەوەیە خەڵکی ئامادە نەکراوە بۆ ئەم حاڵەتە. کەواتە پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا کێشە دروست دەکەن، بەڵام دواتر مرۆڤ دێت و تەکنەلۆژیا بەکار دەهێنێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، کەواتە ئێستا ئێمە هۆشیارین بە سەرهەڵدانی ئەم کێشانە و لەسەر ئاستی جیهانیش کۆشش دەکرێت بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم حاڵەتە. ئەمەش بەشێکە لەو دۆخی پشێوییەی کە پێشتر ئاماژەم پێکرد.

*** کەواتە دەکرێت بڵێین ئێستا ڕۆژنامەگەریی تەقلیدی گرفتارە بە دەست تەنگژەی متمانە و میسداقییەتەوە، ئەگەر وایە ئایا کاریگەرییەکانی ئەم حاڵەتە لەسەر دیموکراسی چی دەبێت؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە، کێشە و قەیرانی متمانە و میسداقییەت لە ئارادایە کە ڕۆژنامەگەری بە دەستیەوە دەناڵێنێت. ئەمەش لە لایەکەوە بەشێکە لە پرۆسەیەکی مێژوویی، بۆ نموونە بەشێکی هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی ئەنتەرنێت. هەروەها لە ئێستادا ناکرێت ئێمە کاریگەریی هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و ساختە نادیدە بگرین، کە ئەم هەڵمەتەش لەلایەن ڕژێمە خۆسەپێن و تاکڕەوەکانەوە ئەنجام دەدرێن کە سوود وەردەگرن لەو دەرفەتەی کە دەتوانن ڕاستەوخۆ ڕووبکەنە خەڵك و پەیامی خۆیان بڵاو بکەنەوە بە ئامانجی ئەوەی بارێکی دوژمنایەتی لە نێوان خەڵك و ڕاگەیاندندا دروست بکەن. ئەمەش دۆخێکی زۆر مەترسیدارە، چونکە لەنێو کۆمەڵگەیەکی کراوە و دیموکراتدا، ڕۆژنامەگەری ڕۆڵێکی زۆر گرنگ ئەدا دەکات، وەك ڕۆڵی چاودێریکردن، هەروەها سەرچاوەی زانیاریی متمانەپێکراوە بۆ خەڵکی. کەواتە کاتێك ڕۆژنامەگەری مۆدێلە ئابوورییەکەی خۆی لەدەست دەدات، هاوشان بە ئەنجامدانی هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست و پڕوپاگەندە، لەگەڵ هێرشکردنەسەر ڕۆژنامەگەریدا، ئەوا ئەمە گەردەلوولێکی تەواو دروست دەکات کە ڕۆژنامەگەری ڕووبەڕووی بۆتەوە، کە ئەمەش دۆخێکی زۆر نەرێنی بۆ ڕۆژنامەگەری دروست کردووە.

*** باشە کە ئەمە دۆخەکە بێت، یان با بڵێین کە ڕۆژنامەگەری ڕووبەڕووی ئەم دژوارییانە بووبێتەوە، دەکرێت بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە خراپەکانی ئەم حاڵەتە چی بکرێت؟**

- من پێموایە دەکرێت کار لەسەر هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی خەڵك بکەین بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕۆڵ و گرنگی ڕۆژنامەگەریی ئازاد تێبگەن و بە شێوەیەکی گشتی لە ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری لە کۆمەڵگەدا تێبگەن. کە لەم ڕووەوە پڕۆگرام و هەڵمەتی تایبەت خراونەتەگەڕ بۆ مەبەستی هۆشیارکردنەوە. دواتر من پێموایە دەبێت ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووسانیش شەفاف بن،

مەبەستم ئەوەیە دەبێت بۆ ئەوەی خەڵکی روون بکەنەوە کە چی دەکەن و چۆن کاری خۆیان ئەنجام دەدەن و دەبێت ئەوە بۆ خەڵکی بخەنەڕوو کە ئەوان زانیارییەکان ناشێوێنن و لەسەر بنەمای ڕێسای ئیتیکی کاری خۆیان ئەنجام دەدەن.

*** ئێوە باسی ئەوەتان کرد کە هەندێ جار هێرش دەکرێتەسەر رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووسان، کە دەکرێت ئێمە لەم رووەوە ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترەمپ لەگەڵ راگەیاندندا بکەین کە دەبینن زۆرجار هێرشیان دەکاتەسەر و بە دوژمنی خەڵك ناویان دەبات، لێکدانەوەی ئێوە لەم روەوە چییە؟**

- ئەمە جێی داخە و کارێکی قێزەونە کە ببینین سەرۆکی ئەمریکا دەستەواژەیەك بەکار بهێنێت کە کاتی خۆی ستالین بەکاری دەهێنا، ئەمە حاڵەتێکی بێ پێشینەیە لە مێژووی ئەمریکا، کاتێك دەبینین کە سەرۆکی ئەم وڵاتە ئەم تێڕوانین و بۆچوونەی بەرامبەر راگەیاندن و رۆژنامەنووسان هەبێت.

*** بە لێکدانەوەی ئێوە بۆچی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ بەم شێوەیە هەڵسوکەوت لەگەڵ راگەیاندنکاران و رۆژنامەنووساندا دەکات؟**

- پێموایە ئەمە بەشێکە لە سیاسەت و ستراتیژیەتی دیماگۆجییەت کە پیادەی دەکات، چونکە ئەو خۆی دەزگاکانی راگەیاندن بەکار دەهێنێت وەك ئامرازێکی سیاسی، ئەوەتا دەرفەت بە راگەیاندنەکان دەدات بۆ ئەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵدا ئەنجام بدەن. بە شێوەیەکی گشتی پێموایە ئەم حاڵەتە جێی نیگەرانی و دڵتەنگییە و من خۆم رۆژێك لە رۆژان پێشبینی ئەوەم نەدەکرد کە ئەوەندە بژیم بۆ ئەوەی ببینم سەرۆکی ئەمریکا ئەم هەڵسوکەوتە بکات.

*** ئەی چۆن لە کاردانەوەی راگەیاندن و رۆژنامەنووسان دەڕوانیت لە بەرامبەر ئەم هەڵسوکەوتەی دۆناڵد ترەمپدا؟**

- من پێموایە کاردانەوەیەکی باشیان هەیە، دەکرێت بڵێین رۆژنامەگەری و راگەیاندن لە ئەمریکا ئازاد و پرۆفیشناڵن و کاری بەدواداچوونی خۆیان دەکەن لە پەیوەندی بە چاودێریکردنی کارەکانی حکومەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە لێدوانەکانی سەرۆك دۆناڵد ترەمپ لەبارەی راگەیاندنەوە یارمەتیدەر نین.

*** کەواتە لە کوێی ئەو هەموو شیکارییانەدا ئایا لە ئێستادا ئێمە زیاتر پێویستمان بە چ جۆرە رۆژنامەگەرییەك هەیە؟**

- هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد پێویستە رۆژنامەنووسان پتر شەفاف بن لە ئەداکردنی ئەرکەکانیاندا و چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکانیان بۆ خەڵکی رون بکەنەوە و بگرە سرووشتی کارەکانیشیان روون بکەنەوە. واتە لێرەدا من دەمەوێت جەخت لەسەر گرنگیی ئەوە بکەمەوە کە دەبێت هێندەی دەکرێت و مومکینە رۆژنامەنووسان کارەکانیان بە راستگۆیی و بابەتییانە ئەنجام بدەن و لە هەمان کاتدا کارەکانیشیان بۆ خەڵکی روون بکەنەوە، ئەمە پەرەسەندنێکی نوێیە، یان رۆڵ و ئەرکێکی نوێیە رووبەڕووی رۆژنامەنووسان بۆتەوە، چونکە پێشتر ئەمە پێویست نەبوو.

*** چۆن لە ئایندەی کاری رۆژنامەگەری و راگەیاندن دەڕوانیت؟ ئایا پێتوایە دەتوانێت رۆڵێکی کارا ببینێت لە ئایندەدا، ئەگەرچی گۆڕانکاری بەسەر ئەرك و رۆڵیشیدا هاتبێت، یان ئەم قەیرانی متمانە و میسداقییەتە یەخەی رۆژنامەگەری بەرنادات؟**

- من دووپاتی دەکەمەوە کە رۆژنامەگەری بەردەوام دەبێت و بگرە بەرەوپێشیش دەچێت، مەسەلەکە تەنیا بەندە بە کاتەوە، چونکە ئێمە لە قۆناغی ئاڵوگۆڕی نێوان دوو جیهانی جیاوازداین، بەو پێیە هەندێ دەزگای راگەیاندن لە ناو دەچن و هەندێکی دیکەش دروست دەبن. دواتر ئێمە دەبێت ئەوە بزانین کە لە رووی مێژووییەوە هەمیشە لە هەموو خێڵێکدا کەسێك هەبووە چیرۆك و باسەکانی گێڕاوەتەوە. مەبەستم ئەوەیە هەمیشە دەبێت کەسێك رۆڵی رۆژنامەنووسی ببینێت و زانیاری بدات بە خەڵکی لەبارەی جیهان و لەبارەی ئەوەی چی دەگوزەرێت لە وڵاتەکەی، یان لە وڵاتانی دراوسێ و شوێنەکانی دیکەدا. کەواتە راستە گۆڕانکاری بە سەر رۆڵی رۆژنامەگەریدا دێت، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد دۆخەکە هەرچۆنێك بێت، ئەوا دەبێت کەسێك رۆڵی رۆژنامەگەری ببینێت.

**ناکرێت ئێمە کاریگەریی هەڵمەتی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و ساختە نادیدە بگرین، کە ئەم هەڵمەتەش لەلایەن رژێمە خۆسەپێن و تاکڕەوەکانەوە ئەنجام دەدرێن کە سوود وەردەگرن لەو دەرفەتەی کە دەتوانن راستەوخۆ رووبکەنە خەڵک و پەیامی خۆیان بڵاو بکەنەوە بە ئامانجی ئەوەی بارێکی دوژمنایەتی لە نێوان خەڵک و راگەیاندندا دروست بکەن**

**پێویستە کار لەسەر هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی خەڵک بکەین بۆ ئەوەی بتوانن لە رۆڵ و گرنگی رۆژنامەگەریی ئازاد تێبگەن و رۆژنامەنووسانیش پتر شەفاف بن لە ئەداکردنی ئەرکەکانیاندا و چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکانیان بۆ خەڵکی روون بکەنەوە**

# سۆشیال میدیا

## بەشی سێیەم

## رەگەزە پێکهێنەرەکانی میدیای نوێ

بە هۆی هاوشێوەیی لە کارەکانی میدیای نوێ، یان سۆشیاڵ میدیا لەگەڵ میدیا کۆنە نەریتییەکە، لە هەندێك رووەوە هاوشێوەن و لە هەندێك رووەوە جیاوازن، هەرچەندە سۆشیاڵ میدیا و جۆرەکانی، بەهۆی گەشەی تەکنەلۆجیا و سەرهەڵدانی جۆری نوێ، رەنگە هەندێك لە رەگەزی پێکهێنەری لە جۆرێکدا بۆ جۆرێکی دیکە جیاواز بن، بەڵام بەگشتی کۆمەڵێك رەگەز هەن کە لە زۆربەی جۆرەکانی سۆشیاڵ میدیا هاوشێوەن، هەندێك لەو رەگەزە پێکهێنەرانەی میدیای نوێ بریتین لە:

١. دابینکردنی زانیاری و بوون بە سەرچاوەی بێ فلتەر: بەردەستبوون و گەیشتنی زانیاری بە دەست وەرگرەکان و تاکەکانی کۆمەڵگە لە هەر شوێنێك بێت، بۆ پڕکردنەوەی پێویستییەکانیان و بەدەستهێنانی زانیاری و بۆ کات بەسەربردن سوود لە میدیا وەردەگرن، پێشتر لە میدیای کۆندا بۆ بەدەستهێنانی زانیاری، وەرگر تەنیا سوودی لە رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامە وەردەگرت، کە پەیامەکانی بە چەند سانسۆر و دەرگاوانێکدا دەڕۆیشت، سەرجەم پەیامەکانی میدیای کۆن وایە کە بە فلتەردا تێدەپەڕێت، پاشان بڵاودەکرێتەوە، بەڵام میدیای نوێ پەیامی بەکارهینەرەکانیەتی کە لە هەمانکاتدا وەرگریشە و نێردەریشە، پەیامەکانی بە بێ هیچ سانسۆرێك بڵاو دەبنەوە. دەتوانین بڵێین میدیای نوێ لە گەیاندنی پەیامەکاندا دەرگایەکی نوێی کردەوە، کە هەموو کەس دەتوانێت بە شێوەیەکی راستەوخۆ و بێ فلتەر پەیامەکانی ئاراستەی وەرگر بکات، ئەمەش لایەنی نەرێنی و ئەرێنیی خۆی هەیە، لایەنە ئەرێنییەکەی بوونی سەرچاوەیەکی زۆرە لە بەردەستی وەرگر و خێرا گەیشتنیەتی پێی، لایەنە نەرێنییەکەشی دروستکردنی چەندین






پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کێشەی یاسایی و بەرکەوتەی ژیانی تایبەتیی کەسەکانە وەك ناوزڕاندن و...هتد.

٢. پەیام: میدیای نوێ ڕێچکەیەکی داهێنا لە بەرهەمهێنانی پەیام و گەیاندنی، بۆ نموونە: لە کۆندا دەزگایەکی میدیایی هەڵدەستا بە ئامادەکردنی پەیام، بەڵام لە ئێستادا تاکە کەسێك دەتوانێت پەیامێکی میدیایی ئامادە بکات و بە خێراترین کات ببیندرێت، ئەمەش گەشەدانی توانای پیشەیی و لێهاتوویی تاکەکانی دەرخست، هەروەها پەیامەکان دەتواندرێت هەڵبگیرێن و دووبارە دابڕێژدرێنەوە، هاوکات دوورکەوتنەوە لەو ڕۆتین و بژاردەیانەی کە پێشتر هەبوون، کە ئێستا بە تێچوویەکی کەم زۆرترین زانیاری بەدەست دێت.


٣. ئامراز: ئەو کات و تێچوونەی کە میدیای کۆن دەیویست بۆ بەرهەمی میدیایی و بۆ دامەزراندنی کەناڵێکی میدیایی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆ تەرخانی بکات، لە میدیای نوێدا بە بڕێکی زۆر کەمی تێچوو سوود لە هێڵی ئینتەرنێت وەردەگرێت، لە هەمان کاتدا پەیامە میدیاییەکان بە ئامێری جۆراوجۆرو جیاواز لە جاران بڵاودەکرێتەوە.

٤. وەرگر: لە سۆشیاڵ میدیا و میدیای نوێدا، وەرگر ڕۆڵ و ئەرکی گۆڕادراوە و وەك جاران تەنیا وەرگر نییە، بەڵکو بەرهەمهێنیشە و وەرگرتنی پەیامەکان تایبەت نییە بە کاتێکی دیاریکراو، لە ڕێگەی میدیای نوێوە وەرگر لە هەر کاتێك کە بیەوێت، دەتوانێت پەیامە میدیاییەکان دووبارە بکاتەوە و تەماشای بکاتەوە، لە بەر ئەوەی سەرجەم پەیامەکان پارێزراون، ئەم تایبەتمەندییەش لە میدیای کۆندا بوونی نەبووە.



# پێویستە ئاراستەی رای گشتیی شەقامی کوردەواری لە پێناوی دۆزی نەتەوەییدا بێت





**د. عمر ڕەنگێنەیی**

**مامۆستای زانکۆی سلێمانی**

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

لە ئەمڕۆدا رای گشتی و ئاراستەی ئەو بوارە لە دنیای سیاسەت و بەڕێوەبردنی دەوڵەتداریدا گرنگیی خۆی هەیە، کە هەردەم جێگەی بایەخی گەلانی زیندوو حوکمڕانانی تەندروستە، بۆیە جێگەی خۆیەتی ئێمەی کوردیش لەم بوارەدا ئەسپی خۆمان بە توندی تاو بدەین، تاوەکو بگەینەوە بە گەلانی خوداپێداو و خاوەنی حوکمڕانیی سەربەخۆ. دیارە ئیمەی کورد لە مێژە خاوەنی حوکمڕانیی سەربەخۆی خۆمان نین و هەردەم لە پێناو گەیشتن بە سەرفرازی و سەربەخۆیی لە حاڵەتی بەرخۆدانی بەردەوامداین، بۆیە کەمتر توانیومانە رای گشتی بە ئاراستەی دۆزە رەواکەمان بەرەوپێش بەرین، چونکە هەردەم نەیارانی دۆزەکەمان کە هەر چوار لای ئێمەیان تەنیوە و لە رووی ماددیشەوە لە ئێمەش بەتواناتر بوون و زیاتر خاوەنی میدیاو ئامرازەکانی ئاراستەکردنی رای گشتین، بە رای گشتیی ئێمەشەوە، تاوەکو لە بەرژەوەندیی خۆیان ئاراستەی بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کە شۆڕش و بەرخۆدانەکانی ئێمە تا رادەیەکی زۆر لە رووی میدیا و ئامرازی ئاراستەکردنی رای گشتییەوە هەژار بوون، بەڵام توانراوە تا رادەیەکی باش کۆدەنگی و رای گشتی بە ئاراستەی بەرژەوەندیی گشتی و دۆزی رەوای نەتەوەدا ببات، هەر وەکو نموونەیەك: لە شۆڕشی ئەیلوولی ئازادیخوازی نەتەوەییدا، سەرەڕای پەرچەکرداری شۆڕشێکی چەواشە و بە میدیایەکی چەواشەتر و خاوەن توانای ماددیترەوە، کە دژ بە شۆڕش هاتەئاراوە، شۆڕشەکە توانی زۆر بە باشی ئاراستەی رای گشتیی شەقامی کوردەواری لە بەرژەوەندیی خۆی و دۆزی رەوای نەتەوەکەمان ئاراستە بکات، زۆرینەی تاکی کورد لە باشوور و بگرە لە بەشەکانی تری کوردستانیش، دڵ و رۆحیان لە گەڵ رابەری شۆڕش و پێشمەرگە و دۆزی رەوای خەڵکی کوردستان بوو، کە من پێموایە زۆر زەحمەتە ئەو پەیوەندییە رۆحییەی ئەوسا بە ئاسانی دروست ببێتەوە.

**ئەگەر بمانەوێت رەوتە ئازادیخواز و سەربەخۆخوازەکەمان بەردەوام بێت، ئەوا پێویستە گەلاڵەیەکی باش بۆ رای گشتیمان بکەین و یاسای تایبەتیشی بۆ دابڕێژین، تاوەکو چەند جارە نەکەوینە تەپکەی نەیارانمانەوە و نەخنکێین**

لە ئێستادا باسەکەمان لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستانە، ئەم قەوارەیە هەرچەندە گشت خواستەکانی نەتەوەی کوردی بەرجەستە نەکردووە، کە سەربەخۆیی تەواوی خەڵك و خاکی کوردانە، بەڵام وەکو لە نووسینەکانی دیکە دا ئاماژەم پێداوە، خاوەندارێتی ئەم قەوارە سیاسییە بۆ گشت تاکێکی کورد دەگەڕێتەوە لە سەرتاپای کوردستان، بۆیە

**هەر دەرچوونێک لە هێڵە سەرەکییەکانی رای گشتیی جەماوەر و حکومەت، دەبێت بە تاوان هەژمار بکرێت، چونکە زیانی ئەو دەرچوونە بە زیانی فرە بۆ دۆزی رەوای نەتەوەو گەل و حکومەت دەکەوێتەوە**

**حوکمڕانیی خۆماڵی بە هۆکارەکانی حزبچێتی و خۆپەسەندی و بەرژەوەندیی تەسکی کەسی و حزبی و دەستی دەرکی و خۆگرێدانی بەشێک لە لایەنەکان بە بەرژەوەندی ئەملاو ئەولاوە، یان بە هۆکاری کەم ئەزمونی و بێ ئەزمونیی حوکمڕانی خۆماڵی بۆ خۆی، نەیتوانیوە ڕای گشتی بە ئاراستەی خواستە ڕەواکانی نەتەوەیی تۆکمە بکات**

پێویستە هەردەم لە هەوڵی گەشەپێدانیدا بین، تاوەکو ڕۆژ بە ڕۆژ وابکرێت ببێتە نموونەیەکی حوکمڕانیی گەشە سەندو و بەرەو ئاراستەی سەربەخۆیی و تۆکمە بونی ببەین، لەم سۆنگەیەشەوە ئەوەی زۆر گرنگە وەکو ئەرکێکی نەتەوەیی ئاراستەکردنی ڕای گشتییە ڕووەو خۆشەویستیی نیشتمان و گرنگی پێدانی خەڵك و خاکی کوردان و قەوارە سیاسییەکەی و ناساندنی ئەو ستەم و زوڵمەیە کە بە درێژایی مێژوو لە نەتەوەی کورد و خاکی کوردان کراوە، هاوکات پەروەردەکردنی تاك لە سەر گرنگیی مافی هاووڵاتی بوون و چەمکەکانی مافی مرۆڤ و نەتەوەکەمان .

ئەگەر ئاوڕێکی پڕسەرنج لە ٢٧- ٢٨ ساڵی ڕابردوومان بدەینەوە، دەبینین کە حوکمڕانیی خۆماڵی بە هۆکارەکانی حزبچێتی و خۆپەسەندی و بەرژەوەندیی تەسکی کەسی و حزبی و دەستی دەرکی و خۆگرێدانی بەشێك لە لایەنەکان بە بەرژەوەندی ئەملاو ئەولاوە، یان بە هۆکاری کەم ئەزمونی و بێ ئەزمونیی حوکمڕانی خۆماڵی بۆ خۆی، نەیتوانیوە ڕای گشتی بە ئاراستەی خواستە ڕەواکانی نەتەوەیی تۆکمە بکات و بیبات، لە هەمان کاتیشدا لێدانی قەوارەی خۆماڵی باشوور بکاتە هێڵی سوور بۆ هەر لایەن و تاکێك لە ناوخۆدا، لێرەدا ئەم بابەتە هەرگیز نایەوێت ببێتە بەرگریکار لە گەندەڵکاران، جا ئەوانە لە هەر پلەو پۆستێکدا بن و هەر ناوو نیشانێکیان هەبێت، بەڵام ناشکرێت بەناوی لێدانی گەندەڵکاران و قۆرخکاران و بە ناوی ڕکابەریی سیاسی و ئۆپۆزسیونەوە، خودی حکومەتی هەرێم بکرێتە ئامانج، یان سیمبولە مێژوویی و نەتەوەییەکان بکرێنە ئامانج، لە کاتێکدا باش دەزانرێت ئەم حکومەتە خۆماڵییە بە نەیارانی سەر سەخت هەر چوارلای گیراوە و، هەردەمیش ئەو نەیارانە لە بۆسەدان بۆ سڕینەوەی ئاسەوارەکانی ئەم حکومەتە، بەڵام خۆ دەکرێت لە ناوخۆی هەرێمدا ڕکابەریی سیاسی و ململانێ هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت ئەو هۆکارە ببێتە لێدان و ناشیرینکردنی قەوارەکە و سیمبولەکانی بەرخۆدانی کوردایەتی، وەکو ئەوەی پێشتر لە بەغدا بە ناوی ئۆپۆزسیۆنەوە ڕوویان دا، کە کەسانێکی ناشارەزا و نامۆ و قین لەدڵ بە خەباتی نەتەوەیی، یان وابەستەی نەیارانی دۆزی کورد، بە هەموو هێزی خۆیان کەوتنە سەروگوێلاك و وێزەی حکومەتی هەرێم، وەکو ئەوەی بەغدا و حکومەتی ناوەند شامی شەریف بن و گەندەڵی و قۆرخکاری سەرتاپای نەگرتبێتەوە، ئەمە وەکو ئەوە وایە کەسێك بڕوات لە لای نەخۆشێکی سەر جێگە و سەرەمەرگدا، داوای چارەسەری نەخۆشییەکانی خۆی بکات، لە مێژە گوتراوە: «ئەگەر کەچەڵ چارەسەری لا بوایە، سەری خۆی تیمار دەرکرد»، بەغدایەك کە بۆ خۆی سەرتاسەری نوقمی تاوان و گەندەڵی بێت، دەبێت بۆ ئێمە چی پێ بێت، من پێموایە ئەو کارەی پێشتر ئەوان کردیان زۆر گەمژانە بوو، یان مەبەستی پڕ کینە و ناڕەوای لە پشتەوە بوو، چونکە دەرەنجام کاریگەریی زۆر نێگەتیڤی لە سەر کوردستان بە جێ هێشت و بە زیانی زۆر بۆ هەمووان گەڕایەوە، بەتایبەتی بۆ دۆزی نەتەوەیی کوردانی چوار پارچە، چونکە ئەو ناوزڕاندنە دواجار گەلەکۆمەکیی ١٦ی ئۆکتۆبەری لێکەوتەوە، دیارە هەرتاکێکی ڕۆشنبیر و خەمخۆر بۆ دۆزی کوردایەتی، لەلای خۆیەوە کەم تا زۆر ڕەخنە و سەرنجی بونیاتنەرانەی لە سەر جۆر و شێوازی حوکمڕانیی خۆماڵی و گەندەڵییەکان هەیە، بە خودی ئەوانەشەوە کە پۆستی باڵایان لە ناو حکومەتەکەدا هەیە، بەڵام نابێت مرۆڤ هێندەش دەبەنگ بێت، کە چاوەڕوانی چارەسەر لە نەیارانی دۆزی نەتەوەکەی خۆی بکات.

**هەرتاکێکی ڕۆشنبیر و خەمخۆر بۆ دۆزی کوردایەتی، لەلای خۆیەوە کەم تا زۆر ڕەخنە و سەرنجی بونیاتنەرانەی لە سەر جۆر و شێوازی حوکمڕانیی خۆماڵی و گەندەڵییەکان هەیە، بە خودی ئەوانەشەوە کە پۆستی باڵایان لە ناو حکومەتەکەدا هەیە، بەڵام نابێت مرۆڤ هێندەش دەبەنگ بێت، کە چاوەڕوانی چارەسەر لە نەیارانی دۆزی نەتەوەکەی خۆی بکات**

کەواتە لێرە بەدواوە ئەوەی زۆر گرنگە بۆ حکومەتی هەرێم بەتایبەتی و بۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی، وەکو حکومەتێکی خەمخۆری خاك و خەڵك و نەتەوەیەکی مافخوراو و بندەست، گرنگیدانە بە ئاراستەکردنی ڕای گشتیی شەقام و سەرجەم میدیاکان (بە بینراو، بیستراو و خوێندراوەوە)، تەنانەت بە مزگەوت و پەرستگە ئایینییەکانیشەوە، هەنگاو بنێن ڕووەو ڕۆشنبیرکردنی تاکی کوردستانی بۆ بە گرنگ زانینی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان وەکو قەوارەیەکی پێویست بۆ تاك بە تاکی سەرزەمینی کوردان، بە جۆرێك کە هەردەم نابێت کوێرەوەری و نەهامەتییەکانی ڕابردوومان لە بیر بچێتەوە، دەبێت لە مەولا ئاراستەی ڕای گشتی تاك بۆ ئەوە بێت، کە دروستبوونی قەوارەی سیاسیی حکومەتی هەرێم کۆتا ویستگەی دۆزی نەتەوەیی کوردستانییان نییە، بگرە وێستگەی یەکەم و سەرتایە ڕووەو

ئامانجگەلێکی گرنگ و ستراتیجیتر، بۆ دۆزی نەتەوەیی و دانیشتووانی سەرزەمینی کوردان، بۆیە چیتر نابێت ڕێگە بە هیچ چەواشەکارییەك بدرێت لە بواری ئاراستەی دروست و ستراتیجیی رای گشتیدا کاربکات، ئەمەش بە واتای ئەوە نییە کە دەرگا لە پرۆسەی ڕەخنە و ڕەخنەگرتن دابخرێت، چونکە ڕەخنەی بونیاتنەر و خستنەڕووی کەموکورتییەکانی حوکمڕانی و دەستخستنە سەر برینەکان، بەڵگەی زیندوێتی گەل و حوکمڕانیی تەندروستە. قسەکردن لە سەر ئاراستەی دروستیی رای گشتی بابەتێکی ترمان بۆ دێنێتەپێش، ئەویش ڕاگەیاندنی فەلسەفەی حوکمڕانیی خۆماڵییە، چونکە ناکرێت حکومەت کار بکات و فەلسەفەی حوکمڕانیی نەبێت، هەر دەسەڵاتێك لە دونیادا تەنانەت دەسەڵاتە تاکڕەو و دیکتاتۆرەکانیش دەبێت جۆرێك لە فەلسەفەی حوکمڕانییان هەبێت، بۆیە ئێمەش وەکو نەتەوە و گەلێکی ستەمدیدە، کە بە دەیان ساڵە لە خەباتێکی سەختداین بۆ گەیشتن بە مافە سرووشتی و ڕەواکانمان، پێویستە فەلسەفەی حوکم و خۆبەڕێوەبردنێکی باش و تایبەت بە خۆمان کارا بکەین، کە لەگەڵ پێودانگەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و هاووڵاتیبوندا خۆی بگونجێنێ، لە هەمان کاتیشدا ئەو فەلسەفەیە نابێت ئەوە لە بیر بکات کە ئەوەی بە دەستهاتووە هەموو شتێك نییە، بەڵکو پێویستە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و خۆبەڕێوەبردنی خۆماڵی هەردەم بەرخۆدانی هێمنانە و ئاشتییانەی نەتەوەکەمان جۆشدا بدات، کە مافێکی سرووشتیی تێکڕا گەلانی سەر ڕووی زەوییە، یان هەر چوارچێوەیەکی مافە سرووشتییەکانی دیکەی خەڵك و خاکی کوردستانە، ڕوونیشە ملنان و هەنگاوهاویشتن ڕووەو ئەو مافە ڕەوا و سرووشتییانە، بەبێ گەڵاڵەکردنی رایەکی گشتیی تۆکمە و ئامانجدار نایەنەدی، هەر دەمێکیش جڵەوبەدەستانی هەرێمی کوردستان لەو گەڵاڵەکردنەدا توانییان سەرکەوتوو بن، ئەوکات لە پێناوی گەیشتن بەو ئامانجانە گرنگە دەتوانن باشترین توانا ماددی و مەعنەوییەکانی حکومەت بخەنەگەڕ، بەڵام دیارە وەکو پێشتریش گوتمان هەردەم حکومەت ڕووبەڕووی پیلانی هێزگەلێکی دەرەکی و ناوەکی و پەنهان و پلان بۆ داڕێژراو دەبێتەوە، کە کار لەسەر چەواشەکردنی رای گشتی و خواستە ڕەواکانی نەتەوەکەمان دەکات، بۆیە زۆر گرنگە بۆ حکومەت زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ چەواشەکارانی رای گشتیدا بکەن، بەمەبەستی نەهێشتنی شوێنەواری چاوەشەکاری لە سەر دانیشتووان لە ڕووی دەروونی و تێکدانی پرەنسیپەکانی تۆکمەبوونی رای گشتی جەماوەر و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان کەسانی شارەزا و پسپۆڕ بخەنە گەڕ، شارەزایانی بواری میدیا و دروستبوونی رایەکی گشتیی نیشتمانیی ڕەسەن، هەردەم باس لەوە دەکەن کە چەواشەبوونی رای گشتی لە ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لە گەڵ دوژمنێکی پڕتواناو پڕچەکی مەزن و توانای مرۆیی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی زۆر زیاترە، کەواتە تۆکمەیی رای گشتی بریتییە لە:

تۆکمەبوونی بەرەی ناوخۆیی گەل و حکومەت، ئەوەش یەکەم هەنگاوی سەرەکی و گرنگە بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دەرەکی لە گەڵ دوژمن و نەیاران، هاوکات هەر درز و کەلێنێك لە رای گشتی کۆمەڵگە و حکومەتەکەیدا بە ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ لە بەرژەوەندیی نەیارانی ئەو گەل و حکومەتە دەکەوێتەوە و زیانی فرە بە ئامانجە نەتەوەیی و ستراتیجییەکان دەگەیەنێت، بۆیە دووبارەو چەند بارەش دەبێت حکومەت و خەمخۆرانی گەل و وڵات پلانی تۆکمە دابڕێژن بۆ ڕووبەڕووبوونەی چەواشەکارانی رای گشتی، زۆریش گرنگە بەشداربووانی حکومەت و ئۆپۆزسیۆنیش هاودەنگی و کۆدەنگییان هەبێت، لە ئاراستەکردنی رای گشتیی ڕەسەن بە ئاراستەی بەرژەوەندیی گشتی حکومەت و خەڵك و لە هێڵە گشتی و هەستیارەکانی دەرنەچن، لە هەمان کاتدا دەبێت هەمووان ئاگادار بکرێنەوە لە بنەماکان و هێڵە هەستیارەکانی ئەو را گشتییە. لێرەوە هەر دەرچوونێك لە هێڵە سەرەکییەکانی رای گشتیی جەماوەر و حکومەت، دەبێت بە تاوان هەژمار بکرێت، چونکە زیانی ئەو دەرچوونە بە زیانی فرە بۆ دۆزی ڕەوای نەتەوەو گەل و حکومەت دەکەوێتەوە، لە هەمان کاتیشدا تاوان پێویستی بە یاسای تایبەت هەیە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت ڕەوتە ئازادیخواز و سەربەخۆخوازەکەمان بەردەوام بێت، ئەوا پێویستە گەڵاڵەیەکی باش بۆ رای گشتیمان بکەین و یاسای تایبەتیشی بۆ دابڕێژین، تاوەکو چەند جارە نەکەوینە تەپکەی نەیارانمانەوە و نەخنکێین.

**ناکرێت بەناوی لێدانی گەندەڵکاران و قۆرخکاران و بە ناوی ڕکابەریی سیاسی و ئۆپۆزسیونەوە، خودی حکومەتی هەرێم بکرێتە ئامانج، یان سیمبولە مێژوویی و نەتەوەییەکان بکرێنە ئامانج، لە کاتێکدا باش دەزانرێت ئەم حکومەتە خۆماڵییە بە نەیارانی سەر سەخت هەر چوارلای گیراوە**

**وەکو نەتەوە و گەلێکی ستەمدیدە، کە بە دەیان ساڵە لە خەباتێکی سەختداین بۆ گەیشتن بە مافە سرووشتی و ڕەواکانمان، پێویستە فەلسەفەی حوکم و خۆبەڕێوەبردنێکی باش و تایبەت بە خۆمان کارا بکەین، کە لەگەڵ پێودانگەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و هاووڵاتیبوندا خۆی بگونجێنێ**

# تێگەیشتنی بەرامبەر

ئەگەر بەپێی تیۆری پەڕگیر و توندڕۆ بێت سەبارەت بە تێگەیشتنی بەرامبەر، ئەوا لە ئەنجامی ئەمەدا کۆمەڵگەکان وێران دەبن، چونکە ئامانجی بنەڕەتیی پەڕگیرو توندڕۆ ئەوەیە کە کەسی بەرامبەر –کە بیروبۆچوونی لەگەڵیدا ناگونجێت- بنێرێتە دۆزەخ، ئەو تەنیا خۆی دەبینێت بەوەی کە نمایندەی خوایە، لەوەش خراپتر ئەو تێگەیشتنە چەوتە بەزەیی فراوانی خوا کە بەسەر تووڕەییەکەیدا زاڵە بەرتەسك دەکاتەوە. خوای گەورە خۆی ئەو خەڵکەی دروست کردووە، خەڵکەکەی کردۆتە نەتەوەو ئایین و بیروبڕوای جیاواز، هیچ مرۆڤێك ناتوانێت ئەو هەمەجۆرییەی خوا دروستی کردووە، تێکیبدات و شێوازێکی ئایینی، یان فیکرێکی دیاریکراو بەسەر کەسانی دیکەدا بسەپێنێت، خوا هەر خۆی توانای هەیە هەموو خەڵك وا لێ بکات بڕوایان بە یەك ئایین هەبێت،

**هیچ مرۆڤێک ناتوانێت ئەو هەمەجۆرییەی خوا دروستی کردووە، تێکیبدات و شێوازێکی ئایینی، یان فیکرێکی دیاریکراو بەسەر کەسانی دیکەدا بسەپێنێت**

بەڵام نایەوێت ئەو فرەییە لەبەین ببات، جوانیی دنیا بە جیاوازی و هەمەڕەنگییەوە وەك جوانیی باخێکی پڕ لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگە، خوای مەزن ئادەمیزادی سەرپشك کردووە، ئەوەی حەزبکات بڕوا بهێنێت و ئەوەی حەزیش ناکات کوفر بکات. پێغەمبەر(دخ) کاتێ هەوڵی دەدا پەنابەرێتە بەر شێوازی رق وەك بەتەنگەوەهاتنێك بۆ باوەڕهێنانیان، هەروەها کە بەزەییان بەرامبەر بنوێنێت، خوای گەورە فەرمووی:{وَلَوْ شَاءَ رَبُّكَ لَآمَنَ مَن فِي الْأَرْضِ كُلُّهُمْ جَمِيعًا، أَفَأَنتَ تُكْرِهُ النَّاسَ حَتَّى، يَكُونُوا مُؤْمِنِينَ}.

تێگەیشتنی بەرامبەر بناغەیەکی سەرەکیی پاراستنی کۆمەڵگەکانمانە لە پەرتبوون و پەرتەوازەیی، کاتێکیش لە بەرامبەر دەگەین، مانای وایە پەسندی دەکەین وەك خۆی، بە جیاوازیی ئایین و ئایینزاو بیروباوەڕو نەتەوەکەی و ئینتیمای سیاسی و فیکری و ئایینی، چونکە



**د.عەرەفات کەرەم ستونی**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئێمە بەرپرسیار نین لەو بیروباوەڕەی هەیەتی، بەڵکو ئێمە داوامان لێکراوە وەك مرۆڤێك ڕێزی بگرین، ئەو مرۆڤەش یان براتە لە مرۆڤایەتی، یان نیشتمان، یان لە ئایین، یان نەتەوە. ئەو شەڕانەی کە لە مێژوودا بەرپابوون هەموویان ئەنجامێکی سرووشتیی تێنەگەیشتن لە بەرامبەر و پەراوێزخستن و چەوساندنەوە بووە. عەلی کوڕی ئەبو تالیب دەڵێت: خەڵك دوو جۆرن: یان برای ئایینییتە، یان هاوتای تۆیە لە ڕەوشتدا، لە دنیادا هیچ ئایینێك نییە کە تایفەیەکی میانڕەوی تێدا نەبێت کە داوای تێگەیشتنێکی ساغڵەمی بەرامبەر دەکات.

نامەوێ باس لە پەڕگیران بکەم، پێشتر باسم کردوون، بێگومان ئاشتی لە هیچ وڵاتێك و کۆمەڵگەیەك بەرپا نابێت، مەگەر بە چەسپاندنی ئەو فەلسەفەیە، واتا فەلسەفەی قبووڵکردنی بەرامبەر، عاقڵمەندو داناو فەیلەسووف و ڕەخنەگرو ڕۆشنبیرو بیرمەندان ڕووبەڕووی پەڕگیری و توندوتیژیی ئایینی بوونەتەوە، ئەمەش لەپێناو بڵاوکردنەوەی لێبووردەیی و قبووڵکردنی بەرامبەر بۆ ئەوەی وڵات و کۆمەڵگەکانمان لە ئاشتی و سەقامگیری و پێکەوەژیان و خۆشەویستیدا بژین. لەو بوارەدا چەند نموونەیەك دەهێنینەوە: لە ئایینی جوولەکەدا کارین ئارمسترۆنگ دەڵێت: حاخامەکان هەمیشە جەختیان دەکردەوە لەسەر ئەوەی کە توندوتیژیی بەرامبەر مرۆڤی دیکە یەکسانە بە نکۆڵیکردن لە بوونی خوا کە پیاو و ئافرەتی لەسەر شێوەی خۆی دروست کردووە.

**ئەو شەڕانەی کە لە مێژوودا بەرپابوون هەموویان ئەنجامێکی سرووشتیی تێنەگەیشتن لە بەرامبەر و پەراوێزخستن و چەوساندنەوە بووە**

سەبارەت بە مەسیحییەتیش ئەوا شەڕی سی ساڵە دیارە کە کارەساتێکی ڕاستەقینە بوو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، هەروەها شەڕی خوێناوی لەنێوان کاسۆلیك و پرۆتستانت، ئەمەش عاقڵمەندانی هاندا کە بە توندی بەرەنگاری ببنەوە، کۆتاییشی بۆ ئەم کارەساتانە دانا،

بۆ ئەوەی لێبووردەیی شوێنی توندوتیژیی بگرێتەوە. مێژوونووسی بەناوبانگی فەرەنسی جاك لۆگۆف دەڵێت: چەمکی لێبووردەیی لە سەدەی شازدەیەمدا بەدەرکەوت، بۆ یەکەم جار بەسەر پەیڕەوانی مەزهەبی پرۆتستانتی جێبەجێکرا کە بیدعەکار بوون لە فەرەنسا، مەرسومی لێبووردەیی لە ساڵی (١٥٦٢) بڵاوکرایەوەو لە ساڵی (١٦٩٥)و لە سەردەمی شا هنریی چوارەمیشدا جەختی لێکرایەوە لەپێناو نەڕشتنی خوێن و ڕاگرتنی شەڕی ناوخۆ کە گەلی فەرەنسی بە هیلاك برد، بەڵام لویسی چواردەیەم لە سەدەی حەڤدەیەمدا هەڵیوەشاندەوە، کاتێ هەوڵیدا ئایینزای پرۆتستانتی لە شانشینی فەرەنسا ریشەکێش بکات، بۆیە لێرەدا جان دارك لە گۆڕەپانی پاریس وەستا بۆ ئەوەی شایەد بێت لەسەر قێزەوەنیی سەردەمی بەربەری و دڵڕەقیی و دڕندەییان، هەر لەوێدا بە زیندوویی لەلایەن پیاوانی ئایینییەوە ئاگری تێبەردرا بە تۆمەتی ئەوەی لەگەڵ شەیتان بووە، ئەمڕۆش لە ریزی قەدیسەکان هەژمار دەکرێت، چونکە ئەمڕۆ قێزەوەنیی تاوانەکانیان لە مێژوودا بۆ روون بووەوە، هەروەها بێتاوانیی ئەو ئافرەتە پاکە کە گیانی خۆی بەخشی لەپێناو کۆتاییهێنان بە شەڕو بنیاتنانی ئاشتی و لێبووردەیی و قبووڵکردنی بەرامبەر، نموونەیەکی دیکەی گرنگ کە دەبێ باس بکرێت، هەڵوێستی فریدریکی دووەمە کە بە شای رۆشنکەرەوە ناسرابوو و قوتابیی فەیلەسووفی فەرەنسی ڤۆلتێر بوو، کە پاکانەی کرد بۆ میوانداریکردنی کاسۆلیك لە وڵاتەکەی و گوتی: هەموو ئایینەکان یەکسان و باشن، ئەگەر بڕوادارانیان شەریف بن. دواتر باسی هاتنی تورك و بتپەرستەکانی کرد تا لە وڵاتەکەیدا بژین، بەڵێنی پێدان بە دروستکردنی مزگەوت و پەرستگا، هەروەها گوتی: پێویستە هەموو ئایینەکان قبووڵ بکرێن، داواشی لە جێگری گشتی کرد کە شەونخونی بکات تاکو کەس زیان بە بەرامبەر نەگەیەنێت، چونکە هەموو مرۆڤێك لەم وڵاتەدا دەبێ دڵسۆزی ئەو ئایینزایە بێت کە هەڵیبژاردووە.

لە هیندستانیش دەبینین موهانداس مەهاتما گاندی (١٩٤٨) گوتوویەتی: جیاوازیم لە خۆشەویستی بۆ کەس نییە، ناکرێ من موسڵمان و هیندۆسەکانم خۆش بوێت و رقم لە ئینگلیز بێت، ئەگەر تەنیا ئەوانم خۆشویست، لەبەر ئەوەی کە شێوازەکانیانم بە دڵە، ئەوا بەم نزیکانە رقم لێیان دەبێتەوە، ئەگەر لەم شێوازانەیان رازی نەبم، ئەمەش رەنگە هەر ساتەوەختێك رووبدات. ئەو خۆشەویستییەی کە دەبێ لەسەری پێداگر بین، ئەو خۆشەویستییەیە کە خێرو چاکخوازیی تێدا دەبینین، کە خۆشەویستیی بازرگانانە، لەگەڵ ئەو هەڵوێستە بەرزەی مرۆییشدا، بەڵام پەڕگیران بەرگەی ئەم فەلسەفەیان نەگرت و کوشتیان، بەوە تۆمەتباریان کرد کە مەیلی بۆ موسڵمانان هەیەو یارمەتیی پاکستانییەکانی داوە لە پیتاك کۆکردنەوە، هەروەها لە هیندستان و لە ئایینی سیخدا Sikhism هەڵوێستی دامەزرێنەری ئەم ئایینە مامۆستا ناناك Guru Nanak — و وشەی Guru لە زمانی سانسکریتیدا واتا- مامۆستا — کە دەڵێت: دەبێ هەموو ئادەمیزاد واز لە دەمارگیری بێنن کە وایان لێدەکات پەلاماری بیروباوەڕی یەکدی بدەن، هەروەها دەڵێت: ئەوەی مامەڵە لەگەڵ ئادەمیزاددا بکات بەو پێیەی یەکسانن، ئەوا بڕواداری راستە.

لە ئایینی بوزیدا رەهبان و قوتابی هەموو بەیانیان نوێژی بوزا دەخوێنن، کە دەڵێت: با هەموو بوونەوەران بەختیار بن، چ لاواز، یان بەهێز، پلەباڵا، یان پلەنزم، مەزن یان بچووك، بینراو بن، یان نەبینراو، نزیك بن، یان دوور، زیندوو بن، یان هێشتا لەدایك نەبووبن، با بتوانین هەموو بوونەوەرانمان خۆشبوێت، هەروەك چۆن دایك تاکە منداڵی خۆی خۆشدەوێت، با فیکری خۆشەویستیمان هەموو جیهانی بێ سنوور تژی بکات لە ئیرادەی خێر، ئەوانەی ئازادبوون لە کۆتی رق و کینە، فەلسەفەی بوزا ژیانی مۆراڵە، ژیانە لەپێناو کەسانی دیکەدا.

ئەوەی پەیوەستە بە ئیسلام نامەوێت نموونەی زۆر بێنمەوە، چونکە باسی تەواوم لەسەر پێکەوەژیانی ئایینی و قبووڵکردنی بەرامبەر لە ئیسلام نووسیوە، بەڵام دەکرێ باسی هەڵوێستێکی بەرزی عومەری کوڕی خەتاب بکەین، کاتێ سەردانی «بەیتولموقەدەس»ی کرد، مێژوونووس میخائیل سریانی لە سەدەی دوازدەی زاییندا باس لە سەردانەکەی عومەری کوڕی خەتاب دەکات بۆ قودس، دەڵێت: موسڵمانان پرسیاریان

**کارین ئارمستۆرنگ دەڵێت: حاخامەکان هەمیشە جەختیان دەکردەوە لەسەر ئەوەی کە توندوتیژیی بەرامبەر مرۆڤی دیکە یەکسانە بە نکۆڵیکردن لە بوونی خوا کە پیاو و ئافرەتی لەسەر شێوەی خۆی دروست کردووە**

**جان دارک لە گۆڕەپانی پاریس وەستا بۆ ئەوەی شایەد بێت لەسەر قێزەوەنیی سەردەمی بەربەری و دڵڕەقیی و دڕەندەییان، هەر لەوێدا بە زیندوویی لەلایەن پیاوانی ئایینییەوە ئاگری تێبەردرا بە تۆمەتی ئەوەی لەگەڵ شەیتان بووە، ئەمڕۆش لە ریزی قەدیسەکان هەژمار دەکرێت**

لە بیروباوەڕو ئایینی کەس نەکرد، هیچ کەسێکیشیان لەسەر ئایین نەچەوساندەوە هەروەك چۆن یۆنان کردی، کاتێکیش عومەری کوڕی خەتاب چووە نێو کەنیسەی قیامە لە قودس، کە کاتی نوێژ هات، بە دەوروبەری خۆی گوت: کەنیسە شوێنی پەرستنی خوایە، دەشێت نوێژی تێدا بکرێت، بەڵام دەترسێت رۆژێك بێت موسڵمانان بڵێن عومەر نوێژی لێرە کرد، ئیدی کەنیسە بکەنە مزگەوتی خۆیان، بۆیە چووە دەرەوە لە دووریی (٥٠٠) مەتر نوێژی کردو مزگەوتێکی بەناوی مزگەوتی عومەر دروستکرد.

لە سەرەتای سەدەی شازدەیەمدا سێ ئیمپراتۆریەتی موسڵمان پەیدابوون، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە تورکیا، سەفەوی لە ئێران، مەغۆلی لە نیمچە کیشوەری هیندی، دەبینین ئیمپراتۆریەتی مەغۆلی لە هەردوو ئیمپراتۆریەتەکەی دیکە باشتر بوو، چونکە پشتی بە گیانی فیکرو فەلسەفەو عەقڵ و لۆژیك دەبەست، بەڵام ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی لەسەر بنەمای ئایینزا بوون، عوسمانی ئایینزای حەنەفی-ی سوننەی پەیڕەودەکرد، سەفەوی ئایینزای دوازدەی جەعفەریی شیعی، بۆیە بە درێژایی مێژوو تا ئەم ساتەش لێبووردەیی تایفی لەو دوو ئیمپراتۆریەتە نابینرێت، واتا لەسایەی حکومەتی دادوگەشەپێدان لە تورکیا، کۆماری ئیسلامی لە ئێران، بەڵام دۆخی ئیمپراتۆریەتی مەغۆلی باشتر بوو، بۆ نموونە هەڵوێستی جەلالەدین ئەکبەر ئیمپراتۆری سێیەمی مەغۆلی (١٦٥٠)، دەبینین کە بڕیاری دا راو رابگرن، وەك رێزێك بۆ هیندۆسەکان، هەروەها قەدەغەکردنی قوربانی لە جەژنی لەدایکبوونیدا، دواتر پەرستگایەکی دروستکرد کە زانایانی ئایینەکان تێیدا کۆدەبوونەوە بە ئازادییەوە باسی پرسە رۆحییەکانیان دەکرد.

ئەوەی پەیوەست بێت بە کوردستانەوە ئەم فەلسەفەیە لە دێرزەمانەوە لەنێو کۆمەڵگەدا رەگی داکوتاوە، دیارە کە لە سەردەمێکدا چەند گرووپێکی دەمارگیر پەیدابوون کە مەبەستیان سەپاندنی باوەڕی ئایدیۆلۆجیی خۆیان بوو بەسەر کوردستاندا، بەڵام شکستیان هێنا، چونکە نەیانتوانی خۆیان لەگەڵ ژینگەکەدا بگونجێنن کە فرەییە لە ئایین و فیکرو نەتەوە سیاسەت، نابێ رۆڵی هەندێ زانایانی ئایینی و بیرمەندان و سەرکردایەتیی کوردستان لەبیربکەین کە بەرەنگاری فیکری تەکفیری و پەراوێزخوازانەی توندڕۆیان بوونەوە، هەروەها لە بڵاوکردنەوەی کولتووری ئاشتی و پێکەوەژیانی ئاشتییانەو قبووڵکردنی یەکدی، تۆماس بووا دەڵێت: کورد کۆمەڵگەیەکی فرەئایین و بیروباوەڕی رۆحییە، چونکە ئایین و ئایینزای هەمەجۆری تێدایە، جگە لەوانەی کە لە دەوروبەریان هەن، لە کوردستاندا ئایینزای تایبەت بەخۆیان هەیە، بۆیە گەلی کوردستان زیاتر لە وڵاتانی دەوروبەر ئایینی هەمەچەشنی تێدایە، بۆ نموونە لە ناوچەکەی خۆم لە بارزان دەربارەی هەڵوێستی شێخایەتیی بارزان لەهەمبەر کریستیانەکاندا، جێگری کونسوڵی بەریتانیا لە دیاربەکر نووسیویەتی و دەڵێت: بە راستی شێخ عەبدولسەلام لە چاکترین شێخەکانی ناوچەکەیە، تا ماوەیەکی نزیکیش هیچ کێشەی لەگەڵ حکومەتدا نەبوو، دادپەروەر بوو لە مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکەکە، پارێزەری کریستیانەکان بوو.

ئەندرانیکی ئەرمەن لەساڵی ١٩٢٠ نامەیەکی ئاراستەی شێخ ئەحمەد بارزانی کرد و داوای لێ کرد خێزانەکەی رزگاربکات کە بە قسەی خۆی لە لایەن کۆمەڵکوژییەکەی تورکەوە هەڕەشەی لێکراوە، داواکەی بەجێهێنا، کەرتێکی پێکهێنا بە سەرۆکایەتیی وەلید بەگ، مەلا مستەفاش گەنجێکی نێو ئەو کەرتە بوو، ئەو کەرتە لەنێو عەشیرەتەکانی لایەنگری تورك گوایە بە رێگەوەن بۆ کۆمەڵکوژییەکەی ئەرمەن، بەم فێڵە خێزانی ئەندرانیك رزگارکرا و گواسترایەوە نێو خاکی سووریا، لە ئەنجامی ئەمە (١٤) کەس لە بارزانییەکان کوژران، بۆیە موسڵمان و کریستییان و جوولەکە لەم ناوچەیەدا بە ئاشتی و تەبایی دەژیان و کەس پەلاماری ئەوەی دیکەی نەدەدا، بەپێی ئایین مامەڵەیان لەگەڵدا نەدەکردن، بەڵکو وەك تاکێکی ئەو دەڤەرە، ئەم ناوچەیە لە مێژوودا هەمیشە وەك نموونەی پێکەوەژیان و قبووڵکردنی یەکدی باسی لێوە دەکرێت، نموونەی دیکەش زۆرە دەربارەی هەمان بابەت، لێرەدا ناکرێت باسی هەموویان بکرێت، چونکە لە شوێنێکی دیکە باسمان کردووە.

**ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی لەسەر بنەمای ئایینزا بوون، عوسمانی ئایینزای حەنەفی-ی سوننەی پەیڕەودەکرد، سەفەوی ئایینزای دوازدەی جەعفەریی شیعی، بۆیە بە درێژایی مێژوو تا ئەم ساتەش لێبووردەیی تایفی لەو دوو ئیمپراتۆریەتە نابینرێت**

**لە سەردەمێکدا چەند گرووپێکی دەمارگیر پەیدابوون کە مەبەستیان سەپاندنی باوەڕی ئایدیۆلۆجیی خۆیان بوو بەسەر کوردستاندا، بەڵام شکستیان هێنا، چونکە نەیانتوانی خۆیان لەگەڵ ژینگەکەدا بگونجێنن کە فرەییە لە ئایین و فیکرو نەتەوە سیاسەت**




**مەیسەر عوبێد نهێلی**

**سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:**

# هەوڵمانداوە ببینە نوێنەری راستەقینەی سەرجەم لاوان

**یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان خاوەن پێگە و ڕۆڵی دیار و بەرچاوە لە پێگەیاندنی لاوان و بڕەودان بە توانا و بەهرەی گەنجان و مێژوو و ئەزموونەکانیش گەواهیدەری ئەم ڕاستییەن، لە ساڵوەگەڕی دامەزراندنی ئەم یەکێتییەدا گوڵان بۆ تاوتوێکردنی دوایین کار و چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە و پلان و پرۆژەکانی داهاتوویان دیمانەیەکی لەگەڵ مەیسەر عوێد نهێلی سکرتێری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ئەنجامدا.**

*** وەکو ئاشکرایە یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغە جیاوازەکانی کوردستاندا ڕۆڵی تایبەتی لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی گەلی کوردستاندا هەبووە، ئایا لە ئێستادا دوای تێپەڕبوونی ئەو هەموو ساڵە تاچەند توانیویێتی پارێزگاری لە هەمان ڕێچکە و هزری دامەزراندنی بکات؟**

- بوونی ئەم ڕێکخراوە لە کاتی شۆڕشدا پێویستییەکی بنەڕەتی بوو، هەر بۆیە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەش لە گەرمەی شۆڕشدا بۆ ئەوە بووە تا تواناو وزەی ئەم توێژە گەورەو فراوانەی ناو کۆمەڵگەی کوردستان زیاتر کۆبکاتەوە و سوودیان لێ وەربگرێت بۆ گشت بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگە و لە ڕێگەی لاوانەوە شەقامی کوردستان بۆ بزووتنەوەی ئازادیخواز و سەربەخۆیی بجوڵێنرێت، لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەم ڕێکخراوانە بەشێك بوون لە ڕاپەڕینە مەزنەکەی گەلی کوردستان لە ١٩٩١دا و تەنانەت ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە بە چەشنی پێشمەرگە ڕۆڵیان هەبوو. واتە ئەوانیش لەگەڵ پێشمەرگەدا هاتنە نێو شار و ڕاپەڕینیان دروست کرد. لەدوای ڕاپەڕینیش لە قۆناغی مەدەنییەت و دروستبوونی پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوەکانی دیکە دووبارە ڕۆڵ و پێگەی لاوان دیارو لەبەرچاو بووە بەتایبەتی لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی زۆری لاوان لە ناو کۆمەڵگاکە. کەواتە بە دڵنیاییەوە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە قۆناغی شۆڕش گۆڕاوە و ئێستا قۆناغێکی نوێ دروست بووە کە دەبێت کار لەسەر ئەوە بکەین چۆن سوود لە وزە و توانای گەنجان وەربگرین و چۆن بە ماف و ئەرك و ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییان لە کۆمەڵگەدا ئاشنایان بکەین.

*** لەشەڕی داعش و پارێزگاری لە کوردستان لاوان ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا؛ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە لە داهاتوودا پێویستە لە بواری سەربازی و ئاسایش گرنگییەکی زیاتر بە گەنج و تواناکانیان بدرێت؟**

- لە ڕاستیدا هەمیشە لە شۆڕش و ڕاپەڕین و ریفراندۆم و سەرجەم قۆناغەکاندا، قارەمانەکان کەسانی گەنج بوون، هەروەها ئێمە دەزانین زۆربەی ئەوانەی لە ناو حزبەکاندان پێشتر لە نێو یەکێتی لاواندا بوون، کەواتە زۆربەی ئەو کەسانەی خەباتیان کردو شۆڕشیان کرد بە سەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانی و سەرۆك مسعود بارزانی، کەسانی گەنج بوون، بە هەمان شێوە ئەوانەی لە شەڕی داعش بەرگرییان لەکوردستان کرد لە توێژی لاوان بوون، واتە لە شەڕی داعش و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان و داگیرکارانیش گەنجەکان ڕۆڵی جوامێرانەیان بینی، بۆ نموونە: ئەو کەسەی ئاڵای عێراقی لەسەر هەمەری هێزەکانی حەشدی شەعبی هێنایە خوارەوە، کەسێکی گەنج بوو، ئەو پێشمەرگەیەی لە نێو جەرگەی شەڕدا گۆرانی دەگوت گەنج بوو، ئەوەی بەری بە زریپۆش گرت بۆ ئەوەی ڕێگە نەدا بێت و لە نێو پێشمەرگەدا خۆی بتەقێنێتەوە، کەسێکی گەنج بوو، ئەوەی باوەشی بە تیرۆریستاندا کرد، تاوەکو قایشی بۆمبڕێژکراو هەڤاڵ و برا پێشمەرگەکانی شەهید نەکات، گەنج بوو.

*** ئەمە بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆییش ڕاست بوو؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە بزوێنەری سەرەکی بۆ کۆکردنەوە و قەناعەت پێ هێنان بە خەڵك و بۆ ئەنجامدانی گردبوونەوە لە پێناوی ریفراندۆمی

**قۆناغی شۆڕش گۆڕاوە و ئێستا قۆناغێکی نوێ دروست بووە کە دەبێت کار لەسەر ئەوە بکەین چۆن سوود لە وزە و توانای گەنجان وەربگرین و چۆن بە ماف و ئەرک و ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییان لە کۆمەڵگەدا ئاشنایان بکەین**

**هەمیشە لە شۆڕش و ڕاپەڕین و ریفراندۆم و سەرجەم قۆناغەکاندا، قارەمانەکان کەسانی گەنج بوون، هەروەها ئێمە دەزانین زۆربەی ئەوانەی لە ناو حزبەکاندان پێشتر لە نێو یەکێتی لاواندا بوون**

**ئەو کەسەی ئاڵای عێراقی لەسەر هەمەری هێزەکانی حەشدی شەعبی هێنایە خوارەوە، کەسێکی گەنج بوو، ئەوەشی باوەشی بە تیرۆرستاندا کرد، تاوەکو قایشی بۆمبڕێژکراو هەڤاڵ و برا پێشمەرگەکانی شەهید نەکات، گەنج بوو**

**بزوێنەری سەرەکی بۆ کۆکردنەوە و قەناعەت پێ هێنان بە خەڵک و بۆ ئەنجامدانی گردبوونەوە لە پێناوی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کەسانی گەنج بوون**

**هەندێ مەسەلە گرێدراوی پرسە نیشتمانی و نەتەواییەتییەکانن و ڕەنگە نەتوانین پەیوەندیمان هەبێت لەگەڵ ڕێکخراوێک کە ئەم ڕێکخراوە هەڵوێستێکی نەرێنی لە ئاست ئەم پرسانەدا هەبێت**

**ئافرەتان بە ڕێژەی ٢٥-٣٠٪ ی وەک ئەندامانی ڕێکخراوەکە هاتنە پێشەوە و دوو کچ بە دەنگدان بوونە بەرپرسی ناوەندی باڵا لە سۆران و ڕانیە، کە پێشتر هیچ کاتێک کچ نەبوونەتە بەرپرسی ناوەندی باڵا و ئەمەش گۆڕانکارییەکی ڕیشەییە لە پەیکەربەندیی ڕێکخراوەکەدا**

سەربەخۆیی کەسانی گەنج بوون، واتە ئەوان بوون بە گوڕ و تینێکی زۆرەوە کاریان دەکرد، بۆ ئەوەی خەڵکی بەشداری بکەن لە پرۆسەکەدا، بە هەمان شێوە کۆبوونەوە گەورەکان و ڕێکخستنی بۆنەکانیش هەر کەسانی گەنج بوون.

*** بۆ ئەوەی ببنە مەرجەع پێویستە نوێنەرایەتی لاوان لە کوردستاندا بکەن، ڕێکخراوی لاوانی دیموکراتی کوردستان چی دەکات بۆ ئەوەی پارێزگاری لە سەرقافڵەیی و مەرجەعییەتی هەموو لاوانی کوردستان بکات؟**

- ئەوە ڕاستە کە ئامانجەکە ئەوەیە یەکێتی لاوان ببێتە مەرجەعی لاوان لەم وڵاتە، واتە ڕێکخراوی لاوان لە هەر شوێنێك کە گەنجی لێ بێت- ئیدی گرنگ نییە چ پیشەیەکی هەبێت، یان حەز و خواستەکانی چی بن و لە هەر کوێیەك بن-، ئەمەش چۆن دەکرێت، بەوە دەکرێت کە کادرێکمان هەبێت کە بە هەموو شێوەیەك بەرجەستەکاری ئەم ڕێکخراوە و مێژووەکەی بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە نوێنەری ڕاستەقینە و جێی متمانەی گەنجەکان بێت، تاوەکو ببێتە پردی نێوان گەنج و حکومەت، گەنج و کەرتی تایبەت و گەنج و سیاسەت، ئەمەش بە ڕادەیەکی باش بەدی هاتووە، هەرچەندە ناتوانین بڵێین کەموکوڕی نییە، بۆ نموونە بەشێکی کادر و ئەندامەکانمان لە ناو حکومەتدا و کاری باش دەکەن و هەندێکیان فێری کارکردن بوون و سەرقاڵی کارکردنن، هەرچەندە ئێمە تموحی زیاترمان هەیە و لەم ڕووەوە کار و کۆششی زیاتر دەکەین بۆ ئەوەی چۆن ئەم ڕێکخراوە بە فیعلی بکەین نوێنەری ڕاستەقینەی گەنج لەم وڵاتەدا.

*** پەیوەندیتان لەگەڵ ڕێکخراوە جیهانییەکانی لاوان چۆنە؟ ئایا تاچەند توانیوتانە بەسەر ئاستەنگەکانی بواری سیاسەتدا زاڵ بن بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییانەتان لە پێناو پێشخستنی تواناکانی لاوان بەکار بهێنن؟**

- ڕێکخراوەکەمان ئەندامی ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی جیهانە و کاك فەلاح حەسەن کە کادیرێکی ڕێکخراوەکەمانە جێگری سەرۆکی ئەم ڕێکخراوەیە و نوێنەری یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانیشە لەدەرەوە. بەشێوەیەکی گشتی ڕێکخراوی لاوانی دیموکراتی کوردستان نوێنەرایەتی لە زۆربەی وڵاتان هەیە لەوانە ( کەنەدا و بەریتانیا و ئەڵمانیا و هەنگاریا و لوبنان و میسرو عێراق) و چەندین وڵاتی دیکەی عەرەبی و جیهانی. هەروەها دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە هەندێ مەسەلە گرێدراوی پرسە نیشتمانی و نەتەواییەتییەکانن و ڕەنگە نەتوانین پەیوەندیمان هەبێت لەگەڵ ڕێکخراوێك کە ئەم ڕێکخراوە هەڵوێستێکی نەرێنی لە ئاست ئەم پرسانەدا هەبێت.

*** گلەیی و ڕەخنەیەکی زۆر لەسەر ئاستی لاوان و ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی لاوان لە وڵاتانی جیهان بەتایبەتی ئەورووپا و ئەمریکا هەیە، کە ئەوان نەیانتوانیوە سوود لەو هەموو لاوانەی کۆچبەری ئەو وڵاتانە وەربگرن و لۆبییەکی کوردی لێ دروست بکەن، لەو بارەیەوە ڕاتان چییە؟**

- وردە وردە ئەو لۆبیە کوردییە لە وڵاتانی ئەورووپاو ڕۆژئاوا دروست بووە، هەر ئەمەشە وایکرد، لەساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی ٧ی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان سەرۆکی یەکێتی لاوانی جیهان سەردانی کوردستان بکات و میوانی ئێمە بوو، کە ئامانجەکە ئەوە بوو لە نزیکەوە بە دۆخی هەرێمی کوردستان ئاشنا بێت و ڕاستییەکان بە چاوی خۆی ببینێت.

*** سەبارەت بە کاروچالاکییەکانتان لە بواری کۆمەڵایەتی و وەرزشی ئایا ڕێکخراوی لاوانی دیموکراتی کوردستان چی ئەنجامداوە بەنیازی چ پرۆژەیەکی نوێن؟**

-سەرەتا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە بە خۆشحاڵییەوە دوای ئەنجامدانی کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو لە ژێر دروشمی پێشمەرگە و بە سەرپەرشتی سەرۆکی کوردستان — سەرۆك مسعود بارزانی- مەکتەبی سکرتاریەت و لیژنەکان توانییان لە ماوەی کەمتر لە ١٠ ڕۆژدا کۆنفرانسی سەرتاسەری بکەن و سەرکەوتوو بن. ئەوەی زیاتر مایەی خۆشحاڵییە ئەوە بوو لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا ئافرەتان بە ڕێژەی لە ٢٥-٣٠٪ ی ئەندامانی ڕێکخراوەکە هاتنە پێشەوە — نەك بە شێوەی مەرکەزی- و خۆشبەختانە



دوو کچ بە دەنگدان بوونە بەرپرسی ناوەندی باڵا لە سۆران و رانیە. کە پێشتر هیچ کاتێك کچ نەبوونەتە بەرپرسی ناوەندی باڵا و ئەمەش گۆڕانکارییەکی ریشەییە لە پەیکەربەندی رێکخراوەکەدا. گۆڕانکارییەکی دیکە کە پەیوەستە بە پرسیارەکەتانەوە ئەوەیە کە ئێمە چالاکییەکانمان لە زاخۆوە تاوەکو سلێمانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، کە چالاکی گشتگیرن و پەیوەست بە بواری رۆشنبیری و هونەری و وەرزشییەوە. ئەوەی پەیوەندیدار بێت بە بواری وەرزشییەوە، ئەوا دەکرێت ئاماژە بە یاریگا بچووککراوەکان بدەین کە بە پشتیوانیی گەورەی سەرۆکی حکومەت توانرا کاریان تێدا بکرێت و ئێستاش بە پارەیەکی رەمزی زۆر کەم یارییان تێدا دەکرێت، کە ئەو پێنج هەزار دینارەی لەم یاریگایانەش وەردەگیرێت، تەنیا بۆ خزمەتکردنی یاریگاکە و بەڕێوەبردنی بەکار دەهێندرێت.

*** یەکێك لە کێشەو گرفتەکانی لاوان بێکاری و نەبوونی هەلی کارە ئایا لەم رووەوە رێکخراوەکەتان چی کردووە و ئێوە وەکو نوێنەری توێژێکی گرنگ راسپاردەو بۆچوونتان لەم بوارەدا چییە؟**

- لە بواری دۆزینەوەی هەلی کارو چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری لەناو گەنجاندا رێکخراوی یەکێتی لاوانی کوردستان لەم رووەوە کاری کردووە:

١- لە گەڵ حکومەتدا ئاراستەی فشاری ئێمە بە ئاقاری ئەوەدایە کە گەنجەکان لە دامودەزگاکانی حکومەت و کەرتی گشتی دابمەزرێن و بواری ژیان و هەلی کاریان بۆ بڕەخسێت و بەردەوامیش لەم رووەوە.

٢- لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی کوردستان سەرقاڵی کردنەوەی دەروازەی کارکردنین بۆ لاوان بەگشتی، بۆ نموونە ئەگەر کۆمپانیایەك، یان دامەزراوەیەکی کەرتی تایبەت پێویستی بە ١٠ کەس هەبێت کە شارەزای بوارێکی دیاریکراو بن، ئەوا هەوڵ دەدەین خولێك بکەینەوە کە بۆ نموونە ١٠٠ کەسی تێدا بەشدار بێت و ١٠ یەکەمەکە لەو کارە وەربگیرێن. بەشی پەیوەندیی رێکخراوەکەمان لەم رووەوە کارێکی زۆری ئەنجامداوە و هەوڵدەدەین لە نزیکترین کاتدا دەرئەنجامیان هەبێت. ئێمە بانگەشەی ئەوە ناکەین کە دەرئەنجامی هەوڵەکانمان دەبێتە هۆی ئەوەی بە یەکجاری بێکاری ناهێڵێت، بەڵام ئەگەر ئێمە بتوانین بە رێژەی ١٠٪یش کاریگەریمان هەبێت، ئەوا وابزانم سەرکەوتوو بووین.

**لەساڵی ٢٠١٠ لە کۆنگرەی ٧ی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان سەرۆکی یەکێتی لاوانی جیهان سەردانی کوردستان کرد و میوانی ئێمە بوو، ئامانجەکەش ئەوە بوو لە نزیکەوە بە دۆخی هەرێمی کوردستان ئاشنا بێت و راستییەکان بە چاوی خۆی ببینێت**

**فشاری ئێمە لە سەر حکومەت بۆ ئەوەیە گەنجەکان لە دامودەزگاکانی حکوومی و کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت دابمەزرێن و بواری ژیان و هەلی کاریان بۆ بڕەخسێت**




## نێچیرڤان حوسێن کەلاری

سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بۆ گوڵان:

# هەنگاوی کرداریمان گرتۆتەبەر بۆ خزمەتکردنی توێژی قوتابیان

**یەکێتی قوتابیانی کوردستان خاوەن کاروان و مێژوویەکی دوورو درێژە و بۆتە ناوەندی پێگەیاندنی دەیان کەسایەتی و کادیری بەتوانا و بەهرەمەند و ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە خزمەتکردنی توێژی قوتابیان، ئەمەو چەند پرسێکی دیکە بوونە تەوەری گفتوگۆیەکی گوڵان لەگەڵ نێچیرڤان حوسێن کەلاری سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ٦٦ەمین ساڵیادی دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەدا.**

*** لە ساڵی ١٩٥٣ کاتێك جەنابی بارزانی ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی دامەزراند، بۆ ئەوە بوو، ئەو توێژە گرنگەی ناو کۆمەڵگە ڕۆڵیان لە بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کوردستاندا هەبێت، ئەمڕۆش کە ساڵیادی ڕێکخراوەکەتانە ئایا تاچەند توانیوتانە ئەو پەیامە جێبەجێ بکەن؟**

- لەساڵی ١٩٥٣ و لە کۆنگرەی ٣ی پارتی دیموکراتی کوردستاندا بە فەرمان و بڕیاری جەنابی بارزانی-ی نەمر هەردوو ڕێکخراوی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستانی ) دامەزران، هەڵبەتە بۆ ئەو قۆناغە دامەزراندنی هەردوو ڕێکخراوەکە پێداویستییەکی نەتەوەیی و نیشتمانی بوو، تاوەکو قوتابیان و لاوان وەکو هەموو چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە بەرگری لە مافەکانی گەلی کوردستان بکەن، هەر بۆیە ئەندامان و لایەنگرانی هەردوو ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان بە درێژایی ٦٦ ساڵی تەمەنیان گەنجینەیەك لە بەرهەم و دەستکەوتیان بۆ توێژی قوتابیان و لاوان بەدەست هێناوە. لە شۆڕشەکانی ئەیلوول و گوڵان و دواتر لە ڕاپەرینەکەی بەهاری ١٩٩١دا هەردوو ڕێکخراو ڕۆڵێکی جوامێرانەیان بینی، ڕۆڵی ئەوان چ لە شاخ، چ لە ڕێکخستنە نهێنییەکانی ناو شارەکانی کوردستاندا پڕیەتی لە داستان و قارەمانێتیی گەورە، لەم پێناوەشدا یەکێتی قوتابیانی کوردستان پۆلێك لە شەهید و قوربانی داوە کە دیارترینیان لەیلا قاسم بووە کە نموونەیەکی بەرزی ئافرەتانی کورد و ئەندامی ڕێکخراوەکەمان بووە، لە شەڕەکانی داعش و لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان و دەوڵەتی بەناو خەلافەتدا قوتابیان شان بە شانی لاوان ڕۆڵ و پێگەیان لەناو سەنگەرەکانی بەرگری و ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگە دیار و لەبەرچاو بووە و لە بەرگریکردنیش لە خاکی پیرۆزی کوردستان بەردەوامن. لە قۆناخی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کە خواست و هیوای هەموو کەسێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزە، قوتابیان ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە لە هەموو ناوەندەکانی خوێندندا قوتابیان بەشدارییەکی بەرچاویان لە ریفراندۆمەکە و سەرخستنی دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان هەبوو.

*** هەڵبەتە ڕۆڵ و پێگەی قوتابیان بەپێی قۆناغە مێژووییەکان و وێستگەکانی نەتەوەی کورد جیاوازە، بەتایبەتی لە قۆناغی دیموکراتی و بونیاتنانی کوردستاندا، ئایا ئەم قۆناغەی دوای شەڕی داعش زۆر لە ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان گۆڕانکاری بەسەردا نەهێناوە؟**

- هەر ئەو کاتەی جەنابی سەرۆك بارزانی لە شاری کۆیە داوایکرد بە دیموکراتی و هەڵبژاردن کار بۆ بونیاتنانی کوردستان بکەین و خەبات لەپێناو دامەزراندنی حکومەتێکی هاوچەرخ و پەرلەمانێکی دامەزراوەیی بکەین، ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بە پاڵپشتی بە داواکارییەکەی سەرۆك بارزانی کاری بۆ وەرچەرخانێکی نەوعی کرد لە ئەرك و پەیامی ڕێکخراوەییماندا، قوتابیان لە هەڵبژاردنەکان و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتدا بەشدارییەکی کارایان هەبووە، گۆڕانکاری لە ئەرکی خەباتگێڕی و بەشداریکردنیان لە شۆڕشی شاخ و ڕاپەرین و شەڕی داعش بۆ سەرخستنی ئەرکی پیشەیی و ڕێکخراوەیی کارێکی ئاسان نەبووە، بەڵام پشت ئەستوور بەو دوو ئامانجەی کە مەلا مستەفا بارزانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە شاخ دامەزراند، ئێمە دەستمان کرد بە جێبەجێکردنی ئەرکی پیشەیی و مەدەنییانەی ڕێکخراوەکەمان، کە داکۆکیکردن بووە لە مافەکانی قوتابیان و بەدەستهێنانی

**پشت ئەستوور بەو دوو ئامانجەی کە مەلا مستەفا بارزانی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەشاخ دامەزراند، ئێمە دەستمان کرد بە جێبەجێکردنی ئەرکی پیشەیی و مەدەنییانەی ڕێکخراوەکەمان، کە داکۆکیکردن بووە لە مافەکانی قوتابیان و بەدەستهێنانی خواست و ویستەکانیان**

**لە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە ئەو زەمینەیە لەبار دەکەین هەتا ڕۆڵ و پێگەی کچان لە ناو ڕێکخراوەکە و دامەزراوەکاندا زیاتر بێت و ڕێگری و ئاستەنگەکان هەڵبگیرێن**

**کار لەسەر ئەوە دەکەین هەموو ئەو کێشەو گرفتانەی لە سیستەمی پەروەردەو خوێندن هەیە دەستنیشانی بکەین و بکرێتە پرۆژەیەک و پێشکەشی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی بکەین**

**لە هەر کوێیەک قوتابی پێویستی بە ئێمە بێت، بێ گوێدانە لایەنی حزبی و ئایدیۆلۆژیا و نەتەوە و ئایین بە دەنگیەوە هاتووین**

**پێویستە لایەنی پەیوەندیدار کە حکومەت و کەرتی تایبەتە بەرنامە و کاری خۆیان بە شێوەیەک بگۆڕن کە لە بری کادیر و کارمەندی بیانی، دەرچووانی وڵاتەکەی خۆمان دابمەزرێنن و هەلی کاریان بۆ بدۆزرێتەوە**

**هەندێک جار کاری خۆبەخشانەمان ڕێگری لێکراوە، هەروەکو چۆن لە ٢٠١٩/٢/٥ سەردانی قوتابخانەیەکمان کرد، کە گڕی تێ بەر ببوو، تاوەکو ئێمە و بە هیممەتی چەند کەسێکی دی هۆڵە سووتاوەکە نۆژەن بکەینەوە، کەچی پەروەردەی سلێمانی ڕێگری لە ئێمە کرد**

**ڕێکخراوەکەمان لە هەوڵدانی بەردەوامدایە بۆ ئەوەی پرۆسەی پەروەردەو خوێندن و زانکۆ و پەیمانگاکان لە ڕووی زانستی و ئەکادیمییەوە بەرەوپێش بچێت و لە خزمەتی قوتابیاندا بێت**

خواست و ویستەکانیان، یەکێتی قوتابیانی کوردستان هەمیشە کاری بۆ ئەوە کردووە وەکو پردێک بێت لەنێوان قوتابیان و ناوەندەکانی خوێندن، لەمەشدا ئەرکی ئێمە وەکو یەکێتی قوتابیانی کوردستان تەنیا دەستنیشانکردنی هۆکار و چارەسەری کێشەکانی قوتابیان نەبووە لە ناوەندەکانی خوێندن، بەڵکو هەوڵمانداوە بەشدار و هەماهەنگ و پاڵپشتی چارەسەرەکانیش بین، ئەمەش ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ڕێکخراوەکانی دیکەی قوتابیان جیا دەکاتەوە، کە پەیام و قسەکانمان تەنیا مەرەکەبی سەر کاغە نەبووە، بەڵکو لە ڕووی کردارەوە جێبەجێمان کردووە. ڕێکخراوەکەمان لە هەوڵدانی بەردەوامدایە بۆ ئەوەی پرۆسەی پەروەردەو خوێندن و زانکۆ و پەیمانگاکان لە ڕووی زانستی و ئەکادیمییەوە بەرەوپێش بچێت و لە خزمەتی قوتابیاندا بێت، چونکە قوتابی چەقی پرۆسەی پەروەردە و خوێندنە. یەکێک لە دروشمەکانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان نوێبوونەوەیە لەکاری پیشەیی و ڕێکخراوەیی، بەڵگەش بۆ ئەمە لە ٦٦ ساڵەی تەمەنی ڕێکخراوەکەماندا ١٤ کۆنگرەو شەش کۆنفرانسمان بەستووە، تاوەکو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیان بەردەوام بێت و خۆی بگونجێنێت لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ناوخۆ و ناوچەکە و جیهان و بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەش لە ئاست خواست و ویستەکانی قوتابیاندا بێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە کارنامەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان زۆر گشتگیرە و بوارێکی فراوان دەگرێتەوە، ئەوە بوو بە پاڵپشتی جەنابی سەرۆک بارزانی لە ساڵی ڕابردوو کۆمەڵێک چالاکیمان لە پاڵ بەشداریکردنمان لە بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا ئەنجام دا، لە ٣/٨ دا لە ڕۆژی جیهانی ئافرەتان چەند چالاکییەکمان ئەنجامدا وەکو داکۆکیکردن و پاڵپشتییەک بۆ قوتابیانی ئافرەت، هەروەکو چۆن جیاوازی لە نێوان نەتەوەو ئایین نییە، بە هەمانشێوە لەنێوان قوتابی کوڕ و کچیش جیاوازی نییە، تەنانەت لە زیادکردنی ئەندام و کادیرانی قوتابی ئافرەتدا لەناو ڕێکخراوەکەمان سەرکەوتوو بووین.

*** لە دنیای پێشکەوتوودا قوتابیان لە چالاکی و کارە خۆبەخشییەکاندا بەشدارییەکی باشیان هەیە، ئایا یەکێتی قوتابیانی کوردستان تاچەند توانیویەتی لەم ڕووەوە لە ئاست خواست و ویستەکانی قوتابیاندا بێت؟**

- یەکێک لە نهێنی و کلیلی سەرکەوتووەکانی گەلان و وڵاتانی پێشکەوتوو پەرەپێدانی تواناکانی قوتابیان و بەشداریکردنیانە لەکاری خۆبەخش و وەرزشی و هونەری و زانستی، هەربۆیە کار بۆ ئەوە دەکەین، گیانی خۆبەخشی لەناو تاک و قوتابیانماندا پەرەی پێ بدەین و لە خزمەتی نەتەوە و نیشتمانەکەماندا بێت، ئێمە بڕوامان وایە نابێت قوتابی لەناو قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆکان تواناکانیان لە چوارچێوە بدرێت، قوتابیان دەبێت زیاتر لە بواری ڕۆشنبیری و هونەری و وەرزشی و مرۆییدا جێگە پەنجەیان دیار بێت و بێنە ناو کۆمەڵگە و لە ڕووی کردارییەوە لە چالاکی و کاری جۆراوجۆر بەشداریی بکەن، هەر بۆیە ئێمە وەکو ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان پاڵپشتی و هاوکاری هەموو قوتابیانین بۆ بەشداریکردن لە کاری خۆبەخشیدا، هەندێک جاریش کاری خۆبەخشانەمان ڕێگری لێکراوە، هەروەکو چۆن لە ٢٠١٩/٢/٥ سەردانی قوتابخانەیەکمان کرد، کە گڕی تێ بەر ببوو، تاوەکو بە ئێمە و هیممەتی چەند کەسێکی دی هۆڵە سووتاوەکە نۆژەن بکەینەوە، کەچی پەروەردەی سلێمانی ڕێگری لە ئێمە کرد.

*** بێکاری و بەدەستهێنانی هەلی کار بە یەکێک لەو کێشە گەورانە دادەنرێت کە ئاستەنگ لە بەردەم سوودوەرگرتن لە تواناو بەهرەکانی قوتابیان دادەنێت، ئایا لەمبارەیەوە یەکێتی قوتابیانی کوردستان هیچ توێژینەوە و پڕۆژەیەکیان لەبەردەستدایە؟**

- قوتابیان بەگشتی و دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان بەتایبەتی یەکێک لە گرفتە سەرەکی و بنەڕەتیەکانیان ئەوەیە، گەنجێک بڕوانامەی دەدەنێ، نە لە ڕووی زانستی و کردارییەوە لە ئاست ویستی بازاڕی کارە، نە بازاڕی کار ڕێز لە بەهرەو تواناکانی ئەو گەنجە دەگرێت و ئامادەیە دایبمەزرێنێت، نە حکومەتیش لە توانایدا هەیە ئەو هەموو دەرچووانەی زانکۆ دابمەزرێنێت، ئەمە کێشەیەکی گەورەو ئاڵۆزە، چونکە پێش قەیرانی دارایی بەشێکی زۆری دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان لە کەرتی




گشتی حکومەت دادەمەزران، بەڵام ئێستا ئەو توانایە نەماوە. سەرەتا ئێمە دەبێت کار بۆ ئەوە بکەین پێش ئەوەی بڕوانامە بدرێتە قوتابیان، توانا و ئاستی زانستی و پراکتیکی بۆ بازاڕی کار لەبار بێت، دواتر پێویستە لایەنی پەیوەندیدار کە حکومەت و کەرتی تایبەتە بەرنامە و کاری خۆیان بە شێوەیەك بگۆڕن کە لە توانایاندا بێت لە بری کادیر و کارمەندی بیانی، دەرچووانی وڵاتەکەی خۆمان دابمەزرێنن و هەلی کاریان بۆ بدۆزرێتەوە، هەروەها گرنگی بە پڕۆژەی بچووك و کارگە و بە پیشەییکردنی کشتوکاڵ و ئەو بوارانە بدەین کە زۆرترین هەلی کاری تێدا دەستەبەرە، واتا رێکخستنی یاسایی و دامەزراوەیی دامودەزگاکانی حکومەت و کەرتی تایبەت بە شێوەیەك بێت کە بە هاوشێوەی وڵاتانی بیانی ساڵانە هەلی کاری نوێ بۆ گەنجەکانمان دەستەبەر بێت. لە هەر کوێیەك قوتابی پێویستی بە ئێمە بێت، بێ گوێدانە لایەنی حزبی و ئایدیۆلۆژیا و نەتەوە و ئایین بە دەنگیەوە هاتووین، چونکە ئەوان قوتابی کوردستانن و ئەرکی سەرشانمانە نوێنەرایەتییان بکەین.

*** بەرنامەی داهاتووی یەکێتی قوتابیانی کوردستان چییە، بەتایبەتی کە ئێمە لە سەروبەندی پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانین کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەیەوێت حکومەتێکی بەهێز دابمەزرێنێت و زۆربەی کێشەو گرفتەکان لەم کابینەیەدا چارەسەر بکرێت؟**

- جگە لەو کارنامەیەی رێکخراوەکەمان کە وەکو هێڵێکی گشتی لە سەری دەڕۆین، کار لەسەر ئەوە دەکەین هەموو ئەو کێشەو گرفتانەی لە سیستەمی پەروەردەو خوێندن هەیە دەستنیشانی بکەین و بکرێتە پڕۆژەیەك و پێشکەشی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی بکەین، پەروەردە و خوێندنی باڵا واتا ئامادەکردنی نەوەیەکی نوێ و تەندروست کە حکومەتێکی بەهێزی لەسەر بونیات دەنرێت. ئێستاکەش سەرقاڵی خۆئامادەکرنین بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی زانستی و ئەکادیمی کە قوتابیانی تێدا بەشدار بن و گوێ لە خواست و داواکارییەکانیان بگیرێت و قوتابی ببێتە ناوەندێکی گرنگ و زیاتر کار لە بەرژەوەندیی قوتابی و پەروەردە و لایەنی زانستی بنرێت، هەروەها لە رووی سیاسیشەوە کار بۆ ئەوە دەکەین کچان زیاتر رۆڵیان پێ بدرێت و هەروەکو چۆن لە رابردوودا لەم رێکخراوەی ئێمەوە دەیان سەرکردە و کادیر و کەسایەتیی بەتوانای بەرهەم هێنا، بە هەمان شێوە سەرکردەی نوێ و بەتوانا بەرهەم بهێنین، بەداخەوە بۆ کارکردنی کچان ئەو زەمینەیە لە کوردستان لەبار نییە، ئێمە لە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە ئەو زەمینەیە لەبار دەکەین هەتا رۆڵ و پێگەی کچان لە ناو رێکخراوەکە و دامەزراوەکاندا زیاتر بێت و رێگری و ئاستەنگەکان هەڵبگیرێن.

**لە رووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان و دەوڵەتی بەناو خەلافەتدا قوتابیان شان بە شانی لاوان رۆڵ و پێگەیان لەناو سەنگەرەکانی بەرگری و ریزەکانی هێزی پێشمەرگە دیار و لەبەرچاو بووە و لە بەرگریکردنیش لە خاکی پیرۆزی کوردستان بەردەوامن**

**ئەندامان و لایەنگرانی هەردوو رێکخراوی قوتابیان و لاوان بە درێژایی ٦٦ ساڵی تەمەنیان گەنجینەیەک لە بەرهەم و دەستکەوتیان بۆ توێژی قوتابیان و لاوان بەدەست هێناوە**